# قەسیدەی (دەستم دامێنت ئەی میللەت)ی (ئەحمەد هەردی) لە لایەنی ڕەوانبێژییەوە

**پ.ی.د. ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا**
**زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر**

**پوختە**

شیعر بەو پێیەی لە لای میللەتە زیندووەکاندا. ئەو میللەتانەی خاوەن ڕۆشنبیر و شاعیری گەورەن، ئامادەیی بەردەوام و پەیامێکی وشیارکردنەوەی گەورەی هەیە، لێرەوەیە شاعیری سەرکەوتوو، ئەو شاعیرەیە، کە لە بیری نەتەوەکەیدا بێ، تێیانبگەینێت و ڕابەرایەتییان بکات، بۆ ئەوەی بەسەر کێشەکاندا سەربکەون، تا لە پەراوێزدا نەکەون و بیانگەینێتە لوتکە بڵندەکانی سەرکەوتن.
لێرەوەیە قەسیدەی (دەستم دامێنت ئەی میللەت) ئەو قەسیدەیەیە، کە (ئەحمەد هەردی) لە هەل و مەرجێکی ناسک و مەترسیداردا، وەکو شاعیرێکی وشیار بۆ نەتەوەکەی خۆی نووسیویەتی، پەنجەی خستۆتە سەر مەترسییەکان و ئەو هەڵوێستانەشی بۆ دیاریکردووە، کە دەبێ بیاننوێنێ، ئەوەشی بە زمانێکی خۆش و مۆسیقای جوان پێشکەشکردووە، کاریگەرییەکی گەورەی بۆ پەیامەکەی درووستکردووەو شیعرەکەی بردۆتە ئاستێکی بڵندی داهێنان.

**پێشەکی**

ڕەوانبێژی واتە هونەرەکانی بنیاتنانی دەقی ئەدەبی، هەتا شاعیر زمانەکەی بەو هونەرانەی ڕەوانبێژی ڕەوان بکات، تێکستەکەی جوانتر و کاریگەرتر دەبێت، ڕادەی کاریگەرییەکە تا ڕادەیەکی زۆر وەستاوەتە سەر چەندێتی بوونی هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە تێکستەکەی، گرنگی ئەم لێکۆلینەوەیە

لێرەوە دێت، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستی لە ڕێگای شیکاری ئەو تێکستەوە لە گرنگی و بایەخی زمانی ئەو تێکستە بگەین.
ئەم لێکۆلینەوەیە تایبەتکراوە، بۆ: قەسیدەی (دەستم دامێنت ئەی میللەت)ی (ئەحمەد هەردی)، کە لە لایەنی ڕەوانبێژییەوە لەو قەسیدەیە دەکۆڵێتەوە، بەوەی کەوا بنەماکانی لێکۆلینەوەی زانستی دەیخوازێت، دابەشکراوەتە سەر دوو بەش و هەر بەشەش دابەشکراوەتە سەر سێ تەوەرە.
بەشی یەکەم بۆ (هەندێ پێناسەی پێویست) تەرخانکراوە، ئەو سێ تەوەرانەی تیایە: تەوەرەی یەکەم قەسیدەی (دەستم دامێنت ئەی میللەت)ی تیا پێناسەکراوە.. تەوەرەی دووەم باس لە (ڕەوانبێژی و شیکاری ڕەوانبێژی) دەکات.. تەوەرەی سێیەمیش تایبەتکراوە بە (نرخ و بەهای جوانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی).
هەرچی بەشی دووەمە، تایبەتکراوە بە (شیکاری ڕەوانبێژییانەی قەسیدەی دەستم دامێنت ئەی میللەت)، ئەویش بەو پێیەی کەوا ڕەوانبێژی سێ هونەری سەرەکیی هەیە، بۆیە هاتووینە لە سێ تەوەرەی تایبەت بە هەر سێ هونەری ڕەوانبێژی شیکاری ئەو قەسیدەیەمان کردووە، لە تەوەرەی یەکەمدا: لە ڕووی هونەرەکانی (جوانکاری)یەوە.. لە تەوەرەی دووەمدا: لە ڕووی هونەرەکانی (ڕوونبێژی)یەوەو لە تەوەرەی سێیەمیشدا: لە ڕووی هونەرەکانی (واتاسازی)یەوە ئەو قەسیدەیەمان شیکارکردووە.
سەرەنجام لێکۆلینەوەکە گەیشتۆتە چەند ئەنجامێک و هەموویانی لە (٦) خاڵ کورتکردۆتەوە.

**بەشی یەکەم: هەندێ پێناسەی پێویست**

**تەوەرەی یەکەم: قەسیدەی (دەستم دامێنت ئەی میللەت)**

یەکێکە لە قەسیدە حەماسییە پڕسۆزەکانی ئەحمەد هەردی، کاکەی فەلاح لە بەرگی یەکەمی (کاروانی شیعری نوێی کوردی) هێناویەتیەوە، ئاماژەی بەوە داوە، کە: لە ساڵی ١٩٤٧دا ئەحمەد هەردی بە بۆنەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی پەرلەمانی عیراقەوە ئەم شیعرەی نووسیوە(کاکەی فەلاح، ١٩٨٠، ل ١٤٣).. بەلام سەیر ئەوەیە لە دیوانەکەی (ئەحمەد هەردی)دا (ڕازی تەنیایی)، شاعیر خۆی ئەو قەسیدەیەی دانەناوەتەوە.. ئیدی نازانم هۆی ئەمە چییە؟! چونکە شاعیربە سادەیی هیچ شیعرێکی خۆی لەبیرەخۆی ناباتەوە؟!

لە ڕووی (کێش)ەوە، کە وەکو ئیبن و ڕەشیقی قەیرەوانی دەڵێت: ((کێش گەورەترین پایەکانی جیاکەرەوەی شیعرە، بۆ تایبەتمەندکردنی شیعری لە پێش هەر پایەیەکی دیکەیە)(أبن رشيق القيرواني، ٢٠٠٦م، ص ١١٥).. ئەم قەسیدەیە لەسەر کێشی هەزەجی (مەفاعیلن.. مەفاعیلن.. مەفاعیلن.. مەفاعیلن)ە، واتە (١٦) برگەی تەواوە.

لە ڕووی (سەروا)شەوە، ـ کە: ((سەروا هاوبەشییەکی دەنگە ئاوازدارەکانی کۆتایی بەیتە لەدواییەکداهاتووەکان و هەروەها دەشێ فۆنیمە لەگەڵ هاتووەکانیشیان بێ))(جورج مونان، ١٤٣٣هـ ـ ٢٠١٢م، ص ٣٤٢) ـ لەسەر سەروای مەسنەوییە، بەیتی یەکەمی سەرواکەی لە وشەکانی (بایی.. خۆڕایی)دا (ی ی)ە.. بەیتی دووەمی سەرواکەی لە وشەکانی (مەیدانا.. فرۆشانا)دا (ن ن)ەو (ا)ی کۆتایی وشەکە، پاش سەروایە.. بەیتی سێیەمی سەرواکەی لە وشەکانی (پێتایە.. ڕێتایە)دا (ێ ێ)یەو (تایە)ی کۆتایی وشەکە، پاش سەروایە، چونکە (تایە) پێکهاتووە لە (ت)ی ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک ـ کە بۆ میللەت دەگەڕێتەوە ـ لەگەڵ ئامرازی پەیوەندی لێکدراوی (لە... دا) لەگەڵ (ە)ی فرمانی ناتەواو، کە ئەم فرمانە لەبەر ئەوەی بزوێنە، پێشتریش (لە... دا) بە بزوێنی (ا) کۆتایی هاتووە، بۆیە (یـ) وەکو ناوگرێک بۆ لێککردنەوەی ئەو بزوێنانە هاتووەو بەمە (تدایە) درووستبووە، لە پاشان (د)ەکەش بۆ ئاسانی دەربڕین لاچووەو ئەوەی ماوە، هەر (تایە)یە. بەڵام (ە)ی کۆتایی (تایە) دەنگدار نییەو وەکو پاشگریش هەر زیادەیە، چووەتە سەر دوا پیتی دەنگدار و بنجی وشەکانی (پێ) و (ڕێ)، کە پیتی (ێ) یە، ئەوەش دوا پیتی دەنگداری هەردوو وشەی کۆتایی بەیتەکەیەو سەرواکەی درووستکردووە.

بەیتی چوارەمی سەرواکەی لە وشەکانی (ئیستیعمار.. لەنجەولار)دا (ر ر)ە.. بەیتی پێنجەمی سەرواکەی لە وشەکانی (هەڵبگیرسێنن.. بترسێنن)دا (ن ن)ەو (ن)ی کۆتایی وشەکانیش پاش سەروایە.. بەیتی شەشەمی سەرواکەی لە وشەکانی (تۆ.. هات و چۆ)دا (ۆ ۆ)یە.. بەیتی حەوتەمی سەرواکەی لە وشەکانی (قارەمانانە.. بێگانە)دا (ن ن)ەو (ە)ی کۆتایی وشەکان، پاش سەروایە.. بەیتی هەشتەمی سەرواکەی لە وشەکانی (ڕووتن.. باڕووتن)دا (ت ت)ەو (ن)ی کۆتایی وشەکان، پاش سەروایە.. بەیتی نۆیەمی سەرواکەی لە وشەکانی (گشتین.. فاشیستین)دا (ت ت)ەو (ین)ی کۆتایی وشەکان، پاش

سەرواپە.. بەیتی دەیەمی سەرواكەی لە وشەكانی (ئەلووریێنن.. هەڵئەگیرسێنن)دا (ن ن)ەو (ن)ی كۆتایی وشەكان، پاش سەروایە.. بەیتی یانزەمی سەرواكەی لە وشەكانی (دڵسۆزت.. پیرۆزت)دا (ز ز)ەو (ت)ی كۆتایی وشەكان، پاش سەروایە.. بەیتی دوانزەمی سەرواكەی لە وشەكانی (ژیانت بێ.. پشتیوانت بێ)دا (ن ن)ەو (ت بێ)ی كۆتایی وشەكان، پاش سەروایە.

دیارە ((شیعر لە وێنە گوتراوەكەی خۆیدا بە شێوەیەك لە شێوەكان گوزارشت لە خودی شاعیر و ئەزموونە ویژدانی و صۆفیەتییە قوڵ و چڕ و پڕ و نادیارییەكەی دەكات، لە دەرەجەی دروستكردنی پەیوەندی و گەیشتنی بە بەرامبەر ـ خوێنەر ـ هیچ نییە، ئەگەر گوتەیەكی مەبەستدار و هێمایی و ڕاگەیێنراوی بە كاریگەری نەبێ))(محمد صابر عبید، ١٤٣٢هـ ـ ٢٠١١م، ص ٨٥)، ئەم قەسیدەیەش وەكو لێی دەكۆڵینەوە، دەبینین بەو شێوەیە، ناخی شاعیر و بیری پڕ حەماسەتی شاعیر لەو ڕۆژگار، كە ڕۆژگاری نووسینی شیعرەكەیە بەرجەستە دەكات و بۆ ئەمڕۆش بە هۆی كاریگەری شیعرییەتە بەهێزەكەی، هەر بە كاریگەری ماوەتەوە.

**تەوەرەی دووەم: ڕەوانبێژی و شیكاری ڕەوانبێژی**

ڕەوانبێژی لە ڕووی زمانییەوە (گەیشتن و وازهێنان))ە(ابن عبدالله أحمد شعیب، ١٤٢٩هـ ـ ٢٠٠٨م، ص ١٣)، مەبەست ئەوەیە واتا بگەینێ و وازبێنێ.. لە ڕووی زاراوەییشەوە: زانستێكە، دیراسەی دیاردەیەكی زمانی دەكات، ئەو دیاردەیە ((بریتییە لە قسەی پوخت و جوان))(ابن عبدالله أحمد شعیب، ١٤٢٩هـ ـ ٢٠٠٨م، ص ١٣)، چونكە ئەو قسەیەی وەها بێ، ئەوەیە واتا بە ئاسانی دەگەینێ و بە زوویی تەواودەبێ.

ڕەوانبێژی یەك لەو زانستە كۆنانەیە، كە سێ بەشی سەرەكی و زیاتر لە دوو سەد هونەری هەر ئەو سێ بەشانەی هەیە، بە هۆیانەوە دەیەوێت زمان لە باری ئاساییدا بگوازێتەوە خانەی ئەدەب و دەربڕینەكان پڕ شیعرییەت بكات، هەمووش لەبەر ئەوەی واتا بە باشترین و كاریگەرترین شێوە بگاتە بیسەر، ئەبی هیلالی عەسكەری دەڵێت: ((ڕەوانبێژی هەموو ئەوەیە، كە واتا بگەینێتە دڵی بیسەر، وەها كاری لێ بكات، كە پێشتر كاری لە دڵی تۆدا كردبوو))(أبي هلال العسكري، ١٤٢٧هـ ـ ٢٠٠٦م، ص ١٦)، هەیشە دەڵێ: ((ڕەوانبێژی لێكۆڵینەوەیەكی جوانی زەوقییە، دەبێ لە خزمەت ڕووانینی

دەروونناسی و جوانیناسییەوە سوود بگەینێ))(د. مازن المبارک، دون سنە الطبع، ص ١٣)، خەڵکی دیش گوتویانە: ((ڕەوانبێژی چێژوەرگرتنە لە جوانی، دەبێ لە خانەی ئەو پێوەرانە بێ، کە کاری ئەدەبی و هونەری پێ هەڵدەسەنگێنین))(د. مازن المبارک، دون سنە الگبع، ص ١٣)، معاویە لە صەحاری عەبدی پرسی: ڕەوانبێژی چییە؟ صەحار وەلآمی دایەوە: ڕەوانبێژی کورتبڕییە.. معاوییە دووبارە پرسی: ئەدی کورتبڕی چییە؟! صەحار وەڵامی ئەوەشی دایەوە، گوتی: ئەوەیە وەڵامت یەکسەر بێ و دوا نەکەوێ، قسان بکەی و هەڵەی تێنەکەوێ.(د. بسیونی عبدالفتاح، ١٤٢٥هـ ـ ٢٠٠٤م، ص ٢٨)

**تەوەرەی سێیەم: نرخ و بەهای جوانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی**

هەرچی شتێک لە داهێنراوی ئەدەبی هەبێ، دەبێ جوان بێ، کاریگەر بێ، لەبەرئەوەیە: ((ئەو بووارەی سێ زانستەکانی ڕەوانبێژی کاری تێدا دەکەن، ڕێکخستنی ئاخاوتن و بەرهەمهێنانییەتی، بە شێوەیەک کە تایبەتمەندییە جوانییەکانی تیا کۆبێتەوە))(د. عبدالعزیز عتیق، ١٤٢٧هـ ـ ٢٠٠٣م، ص ٣)، ئەوەش هەمووی داهێنانە، هەمووی جوانییە، نرخ و بەهاکەی بە قەد ڕادەی کاریگەرییە ویژدانی و دەروونییەکەیە بەسەر خوێنەر، کە ئەو کاریگەرییە لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی دیکە دەگۆڕێ، بەڵام لە هەموو بارێکدا دەقی پڕ لە بەلاغەت و داهێنراوی شێوازە ڕەوانبێژییەکانیش بە کاریگەرییەکی گەورەوە دەکەونە نێو کۆمەڵگاو لە ڕووی مەعنەوییەوە کاریگەرییەکە بە بایەخەوە هەستی پێدەکرێت.

**بەشی دووەم: شیکاری ڕەوانبێژییانەی قەسیدەی (دەستم دامێنت ئەی میللەت)**

**تێکستی قەصیدەکە**

دەستم دامێنت ئەی میللەت لە خۆت هەرگیز نەبی بایی
نەهێڵی خوێنی لاوانت ئەبەد بڕوات بە خۆڕایی
بەڵێ ئەو خوێنەی تۆ ڕشتت لە جەرگەی کۆڕی مەیدانا
هەزاران مۆری عاری نا بە ڕووی میللەتفرۆشانا
بەڵام هێشتا گەلێ کۆت و گەلێ پێوەند لە پێتایە
ڕێگا دژوار و ناخۆشە، دز و جەردە لە ڕێتایە
سەفیرو زابتانی ئیرتیباتی مامە ئیستیعمار
بەسەر سینگی وڵاتا هات و چۆیانە بە لەنجەولار

خەریکن ئاگری فیتنە لە ناوا هەڵبگیرسێنن
خەریکن چاوی ئەم خەڵکە بە پیلانێ بترسێنن
سبەینێ ئینتیخاباتەو کەچی ئەو خائینانەی تۆ
بە سەربەستی بە ناو تۆدا هەموو کەوتوونە هاتوچۆ
بەڵێ وا ئینتیخاباتەو کەچی هەر قارەمانانە
لە بەندخانەدا دیلن بە ئەمری پیاوی بێگانە
بەڵێ ئەو کۆمەڵانەی شیری دەستی میللەتی ڕووتن
لەلای ئەم کاربەدەستانە دەڵێی بەنزین و باڕووتن
کەچی ئەو کۆمەڵانەی ڕوو لە پێوەنگکردنی گشتین
قەڵای کۆنەپەرستین و گەرای جێماوی فاشستین
بە سەربەستی لە ڕووی میللەت پەرستانا ئەلورێنن
کەمەند و گورزی ئیرهاب و مەترسی هەڵئەسورێنن
لە ڕۆژ و چەرخی ئاوادا کە هیچ حیزبێکی دڵسۆزت
بە سەربەستی نەهێڵن دەربخا ئاواتی پیرۆزت
ئیتر ئەی کێ هەیە ئەمڕۆ کە دەربەستی ژیانت بێ؟!
لە گەرمەی ئینتیخاباتا سبەینێ پشتیوانت بێ؟!

**تەوەرەی یەکەم: لە ڕووی هونەرەکانی (جوانکاری)یەوە**

جوانکاری یەکێکە لە سێ زانستە سەرەکییەکانی زانستی ڕەوانبێژی، ((هەمیشە شتە نوێ و تازەکان دەگرێتە خۆ، واتە: هەموو ئەو هۆکارە نوێیانەی بنیاتی ئاخاوتن، کە لە جۆرە زانراوەکان جیاوازن، یان ئەو هۆکارانەش، کە نوێیەتی و جوانی بە ئەدەب دەبەخشن و لە قالبی بەستووی داهێنان و وەرگرتن ڕزگاری دەکەن))(د. حسني عبدالجليل يوسف، ٢٠٠٧م، ص ٢٢)، هونەرەکانی جوانکاری لەم قەسیدەیەی ئەحمەد هەردی زۆرن و بریتینە لەمانەی خوارەوە:

١. هونەری دەستپێکی دڵگیر

عەرەب (براعه الأستهلال) و (براعه المقطع)ی پێدەڵێن.. ((ئەوەیە کە دێڕەکە لەگەڵ مەبەست بگونجێ و هەر لە سەرەتاوە ئاماژە بۆ بابەتەکەی دوای خۆی بکات))(ابي عبدالله فيصل بن عبده قائد الحاشري، ٢٠٠٦، ص ١٢٧)، لەوەش ڕوونتر گوتوویانە: ((بریتییە لەوەی سەرەتای ئاخاوتن بە هۆیەک لە هۆیەکان هەست بۆ ئەوە ببات، کە مەبەستە)) (محمد دياب و أخرون، ١٤٢٩هـ،

٢٠٠٨م، ص ١٦٣).. وەکو ورددەبینەوە دەبینین شاعیر سەرەتاکەی بە دڵگیری دروووستکردووە:
دەستم دامێنت ئەی میللەت لە خۆت هەرگیز نەبی بایی
نەهێڵی خوێنی لاوانت ئەبەد بڕوات بە خۆڕایی
وشەکانی ئەم بەیتە تێمان دەگەینێ، کە مەبەستی شاعیر ئامۆژگاریکردنی نەتەوەو وشیارکردنەوەیانە، بە شێوەیەکی ڕوون، وشەو دەربڕینەکانیش جوان و سەرنجڕاکێشن و خاوەنی ئەو مۆسیقایەن، کە لەگەڵ مەبەستی شاعیر دەگونجێن، بەوەش دەستپێکی دڵگیر دروووستبووە.
٢- بوونی پێویستە
ئەم هونەرە ((ئەوەیە کە بەر لە پیتی ڕەوی لە دوو نیوە دێڕ، یان دوو دێڕ و زیاتر پیتی وەک یەک بێنی))(محمود الأصیل، علم البدیع، مادە: لزم ما یلزم،٢٠١٥)، کە ئەمە ڕەوییەکە بەهێزتر دەکات و کۆتاییە دەنگییەکەی دێڕەکە، یان دێڕەکان خۆشتر دەخوێنرێنەوە.. لەم شیعرەی ئەحمەد هەردی گەلێ دێڕی بە بوونی پێویستە جوانکراوە، لەوانە:
دەستم دامێنت ئەی میللەت لە خۆت هەرگیز نەبی بایی
نەهێڵی خوێنی لاوانت ئەبەد بڕوات بە خۆڕایی
لەم دێڕەدا پیتی (ی)ی کۆتایی وشەکانی (بایی) و (خۆڕایی) لە هەردوو نیوەدێڕەکانی یەکەم و دووەمدا پیتی ڕەوییە، پیتەکانی (ا - ی) پێش ئەو پیتە، بوونی پێویستەنە، کۆتاییە دەنگییەکەو مۆسیقای شیعرەکەیان خۆشتر کردووە.
سەفیرو زابتانی ئیرتیباتی مامە ئیستیعمار
بەسەر سینگی وڵاتا هات و چۆیانە بە لەنجەولار
لەم دێڕەدا پیتی (ر)ی کۆتایی وشەکانی (ئیستیعمار) و (لەنجەولار) لە هەردوو نیوەدێڕەکانی یەکەم و دووەمدا پیتی ڕەوییە، پیتی (ا) پێش ئەو پیتە، بوونی پێویستەیە، کۆتاییە دەنگییەکەو مۆسیقای شیعرەکەی خۆشتر کردووە.
بەڵێ وا ئینتیخاباتەو کەچی هەر قارەمانانە
لە بەندخانەدا دیلن بە ئەمری پیاوی بێگانە
لەم دێڕەدا پیتی (ن)ی کۆتایی وشەکانی (قارەمانانە) و (بێگانە) لە هەردوو نیوەدێڕەکانی یەکەم و دووەمدا پیتی ڕەوییە، پیتی (ە)ی پاش ئەو پیتە، پاش

ڕەوییـــە.. پیتــی (ا) پــێش ئــەو پیتــی (ن)ەش بــوونی پێویســتەیە، کۆتاییــە دەنگییەکەو مۆسیقای شیعرەکەی خۆشتر کردووە.
ئیتر ئەی کێ هەیە ئەمڕۆ کە دەربەستی ژیانت بێ؟!
لە گەرمەی ئینتیخاباتا سبەینێ پشتیوانت بێ؟!
لـەم دێڕەدا پیتی (ن)ی کۆتـایی وشـەکانی (ژیانت) و (پشـتیوانت) لـە هـەردوو نیوەدێڕەکانی یەکەم و دووەمدا پیتی ڕەوییە، پیتی (ت)ی پاش ئەو پیتە، پاش ڕەوییـــە.. پیتــی (ا)ی پــێش ئــەو پیتــی (ن)ەش بــوونی پێویســتەیە، کۆتاییــە دەنگییەکەو مۆسیقای شیعرەکەی خۆشتر کردووە.
بەڵێ ئەو کۆمەڵانەی شیری دەستی میللەتی ڕووتن
لەلای ئەم کاربەدەستانە دەڵێی بەنزین و باڕووتن
لـەم دێڕەدا پیتی (ت)ی کۆتـایی وشـەکانی (ڕووتـن) و (باڕووتن) لـە هـەردوو نیوەدێڕەکـانی یەکـەم و دووەمـدا پیتـی ڕەوییـە، پیتـی (ن)ی پـاش ئـەو پیتـی (ت)ە، پـاش ڕەوییـە.. پیتـەکانی (ڕ - وو)ی پـێش ئـەو پیتـی (ن)ەش بـوونی پێویستەنە، کۆتاییە دەنگییەکەو مۆسیقای شیعرەکەیان خۆشتر کردووە.
٣. هونەری گێڕانەوە
هونـەرێکی دیکـەی جوانکارییـە.. ((ئەوەیـە کـە وشـەیەک، یـا ڕسـتەیەک، یـا دەسـتەواژەیەک بێنـی، کـە بـە مانـاییێکی تایبەتییـەوە بەسـترابێتەوە، پاشـان دووبـارە هـەمان وشـە، یـا ڕسـتە، یـا دەسـتەواژە بێنێتـەوە، بـەڵام ئـەمجارە پەیوەندی بە شتی ترەوە هەبێ))(عەزیز گەردی، ١٩٧٥، لا ٤٢)، ئەحمەد هەردی سوودی لەم هونەرەش وەرگرتووە، ئەوەتا نووسیویەتی:
بەڵام هێشتا گەلێ کۆت و گەلێ پێوەند لە پێتایە
ڕێگا ناخۆش و دژوارە دزو جەردە لە ڕێتایە
لـەم دێڕەدا هونـەری گێڕانـەوە هەیـە، ئـەوەش لـەوەی کـەوا وشـەی (گـەلێ)ی دوو جار لە پاڵ وشەکانی (کۆت) و (پێوەند) گێڕاوەتەوە.

خەریکن ئاگری فیتنە لە ناوا هەڵبگیرسێنن
خەریکن چاوی ئەم خەڵکە بە پیلانێ بترسێنن
هونـەری گێڕانـەوە هەیـە، لـەوەی کـەوا وشـەی (خـەریکن) دوو جار لـە پـاڵ وشەکانی (ئاگری فیتنە) و (چاوی ئەم خەڵکە) گێڕدراوەتەوە.

٤. هونەری دژیەک
یەکێکە لە هونەرە هەرە بڵاوەکانی زمان و ئەدەب، دەڵێم لە زمان، چونکە دژیەک دیاردەیەکی گەورەی نێو زمانە، کە دەشڵێم: ئەدەب.. چونکە ئەو دیاردە زمانییە بە بەردەوامی دەکەوێتە نێو شیعر و ئەدەبیاتی شاعیر و ئەدیبان.. هونەرێکە ((بریتییە لە کۆکردنەوەی نێوان دوو دژ لە ئاخاوتندا)).(أمین ابو لیل، ٢٠٠٦م، ص ٢١٤)ئەوەش جۆری زۆرە، ئەوەی لەم شیعرەی ئەحمەد هەردی هاتووە:
یەک: دژیەکی ئاسایی
کە لێرەدا دوو وشەکان وەکو لە پێناسەکەدا هێنران، هەر خۆیان و زۆر بە ئاسایی و ڕوونی دژ و پێچەوانەی یەکن.. بۆ نمونە هەردی نووسیویەتی:
سەفیرو زابتانی ئیڕتیباتی مامە ئیستیعمار
بەسەر سینگی وڵاتا هات و چۆیانە بە لەنجەولار
لە (هات و چۆ)دا هونەری (دژیەکی فەرهەنگی) هەیە، چونکە ئەم دوو وشانە لە فەرهەنگدا بوونی سەربەخۆی خۆیان هەیەو دژ و پێچەوانەی یەکترینە.
دوو: دژیەکی دوور
ئەو دژیەکەیە، کە تیادا دوو وشەکان لە فەرهەنگدا بە ئاشکرا دژی یەک نینە، بەڵام دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێ لە وشەکان و بنیاتنانەوەی پەیامە مەبەستەکەی، دەبینین لەگەڵ وشەکەی تر دەبنە دژیەک.. بۆ نمونە:
بەڵێ وا ئینتیخاباتەو کەچی هەر قارەمانانە
لە بەندیخانەدا دیلن بە ئەمری پیاوی بێگانە
لە نێوان وشەکانی (قارەمانان) و (پیاوی بێگانە)دا دژیەکێکی دوور هەیە، چونکە لە باری ئاساییدا دژیەک نین، دژیەکی (قارەمان) دەبێ (ترسنۆک) و دژیەکی (پیاوی بێگانە) دەبێ (پیاوی خۆمانە) بێ.. بەڵام شاعیر بنیاتێکی بۆ ئەم دەربڕینانەی درووستکردووە، تێماندەگەینێ، کە: مەبەستی لە (قارەمانان)ی میللەت، دڵسۆزانی میللەتن، کە هەمیشە مەیلیان بە لای نەتەوەی خۆیانە، ئەوەش دژ و پێچەوانەی (پیاوانی بێگانە)یە، کە هەمیشە مەیل و ئارەزوو و سۆز و گوێڕایەلییان بۆ داگیرکەران و دوژمنانی میللەت و نەتەوەیە.
لە لایێکی دیکە، پیاوی بێگانە، واتە: خائین و ناپاک و دژە میللەت، کە ئەمانە سیفەتی خەڵکی ترسنۆک و بێویژدانن، ئەوەش پێچەوانەی سیفاتەکانی پیاوی قارەمانە، کە بەویژدان و دڵسۆز بۆ گەل و وڵاتن.
سێ: دژیەکی خوازەیی

ئەوەیە وشەکان بە ڕوونی دژیەک نینە، بەڵام بە خوازە هاتوونە، نەوەک بە وشەی ئاسایی، لە واتای خوازەییان دەبنە دژیەک، ئەوەش دژیەکێکی خوازەییە.. بۆ نمونە:

ئیتر ئەی کێ هەیە ئەمڕۆ کە دەربەستی ژیانت بێ؟!

لە گەرمەی ئینتیخاباتا سبەینێ پشتیوانت بێ؟!

دژیەک لە نێوان وشەکانی (ئەمڕۆ) و (سبەینێ) هەیە، واتە دوو قۆناغی لەیەکجیا، نەک ئەمڕۆ و دوێنێی وشەیی.

٥. هونەری ڕەگەزدۆزی

هونەرێکی زۆر فراوانی جوانکردنی شیعرە، چ لە ناوەڕۆک و چ لە ڕووخسار و بە تایبەت جوانکردنی کێش و سەرواش هونەری ڕەگەزدۆزی بە زۆری دەکەوتە نێو شیعر و بە تایبەتیش شیعری کلاسیک، بۆیە دەگوترێت: ((ڕەگەزدۆزی ڕووی گەشی جوانکارییە، پێشبارە سپیەکەیتی، بالاّ بەرزەکەیەتی، گوێ بە بیستنی دەکەوتە خۆشی، دڵەکان لەبەر جوانییەکەی ئاسوودەو دەروونەکان بە درووستبوونی ئارام دەبن)). (د. أحمد هنداوي هلال، ١٤٢٣هـ - ٢٠٠٢م، ص ٣)، ئەوەش جۆری زۆرە، ئەوەی لەم شیعرەی ئەحمەد هەردی هاتووە، بریتییە لەم جۆرانەی خوارەوە:

یەک: هونەری ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشی

((بریتییە لە بوونی دوو وشە، ئەگەرچی زۆربەی پیتەکانیان لەیەک جیابێ، بەڵام لەسەر یەک کێش بن))(سەلام ناوخۆش و نووسەرانی تر، ٢٠٠٩ز، لا ١٦٩).. بۆ نمونە:

کەچی ئەو کۆمەڵانەی ڕوو لە پێوەنگکردنی گشتین

قەڵای کۆنەپەرستین و گەرای جێماوی فاشستین

لە نێوان وشەکانی (قەڵای) و (گەرای)دا ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشی هەیە، چونکە هەردووکیان دوو برگەن (قە - ڵای) .. (گە - رای)، لەسەر یەک کێشن، هەردووکیشیان پێنج پیتن، لە پیتی یەکەم و سێیەمیان لەیەک جیاوازن.

دوو: هونەری ڕەگەزدۆزی ناتەواوی زیاد

((بریتییە لەو ڕەگەزدۆزییە ناتەواوەی، کە دوو وشەکانی یەکێکیان بە پیتێک، یان زیاتر لە وشەکەی تر زیاتر بێ، جا وشە زیادەکە وشەی یەکەم بێت، یان وشەی دووەم، ئەوە گرنگ نییە))(د. محمد أبو شوارب و د. أحمد المصري، ٢٠٠٦م، ص ١٥١)، لەم بارەیەوە هاتووە:

بەڵێ ئەو کۆمەڵانەی شیری دەستی میللەتی ڕووتن
لەلای ئەم کاربەدەستانە دەڵێی بەنزین و باڕووتن

وشـەکانی (ڕووت) و (بـاڕووت) هونـەری (ڕەگـەزدۆزی ناتـەواوی زیاد)یـان دروووسـتکردووە، چونکـە وشـەی (بـاڕووت) بـە دوو پیتـی (ب) و (ا)ی سەرەتای لە وشەی (ڕووت) زیاترە.

٦. هونەری کۆکردنەوە

ئـەم هونـەرە: ((ئەوەیـە قسـەکەر دوو شـت یـان زیـاتر لـەژێر یـەک بڕیـار کۆبکاتەوە))(د. عیسی العاکوب، ١٤١٧هـ ص ٥٨٠ و الشیرازي، مادە: الجمع، ١٤١٧ هـ)، بۆ نمونە ئەحمەد هەردی نووسیویەتی:

کەچی ئەو کۆمەڵانەی ڕوو لە پێوەنگکردنی گشتین
قەڵای کۆنەپەرستین و گەرای جێماوی فاشستین

لە نیوە دێڕی دووەمدا هونەری (کۆکردنەوە) هەیە، کە هـەردوو سـیفاتەکانی (قـەڵای کۆنەپەرسـتي) و (گـەرای جێمـاوی فاشسـتی) بـۆ (ئـەو کۆمـەڵانـە) کۆکراونەتەوە، کە (ڕوو لە پێوەنگکردنی گشتین)ە.

٧. هونەری فراوانکردن

بریتییـە لـەوەی قسـەکەر دوای ئـەوەی باسـی شـتێک دەکـات بـە وەصـفێکی کورت، جارێکی تر لـە دێڕ و نیوەدێڕی دواتردا بێتـەوە سـەر هـەمان شت و وەصـفەکانی فراوانتـر بکـات.. ئـەوەش جۆرێکـە لـە وەصـف، کـە لـە کتێبـەکانی جوانکاریـدا شـێوەی زۆری باسـکراوە، بـەڵام ئـەم شـێوەیەی ئێرەم لای هـیچ بەلاغییـەکی کـورد، یـان عـەرەب نـەدیوەو لـە داهێنـراوی خۆمـە.. بـۆ نمونـە هەردی نووسیویەتی:

سبەینێ ئینتیخاباتەو کەچی ئەو خائینانەی تۆ
بە سەربەستی بە ناو تۆدا هەموو کەوتوونە هاتوچۆ
بە سەربەستی لە ڕووی میللەت پەرستانا ئەلورێنن
کەمەند و گورزی ئیرهاب و مەترسی هەڵئەسوڕێنن

بـە سەربەسـتی کـە لـە دێـڕی یەکەمـدا هـاتووە، لـە دێـڕی دووەمـدا شـاعیر گەڕاوتـەوە سـەری و لـە ڕووی مەبەسـت و واتـادا فراوانتـری کـردووە، کـە چ مەبەستێکی لەم وشەیە هەیە.

٨. هونەری پاتکردنەوە

هونەرێکی گرنگی شیعری نوێیە، لە شیعری کلاسیکدا عەیبە بوو، چونکە عەقڵیەت ئەوەبوو: ئەگەر شاعیر وشەیەکی لە تەک یەک دوو جار، یان زیاتر هێنایەوەو بە هەمان واتا بوون، ئەوە کەوابێ بێ توانایە، جوانی ئەوەیە هەر جارەی بە واتایەکی جیا بێ، بەڵام لە شیعری نوێدا تیۆری داهێنانی شیعری دەگۆڕێ و ئیدی شاعیرانی کلاسیکی نوێ و شاعیرانی نوێ کردیانە هونەرێکی دیکەی شیعری.

ئەو هونەرە بریتییە لەوەی ((شاعیر لە بەیتەکەی وشەیەک بێنێ، لە دوایدا یەکسەر بە هەمان دەربڕین و واتا پاتیبکاتەوە))(الخوري بولس عواد، ٢٠٠٠م، ص ١٦٧)، یانیش هاوواتاکەی بەدوای خۆیدا بێنێتەوە.. هەردی نووسیویەتی:

لە ڕۆژ و چەرخی ئاوادا کە هیچ حیزبێکی دڵسۆزت

بە سەربەستی نەهێڵن دەربخا ئاواتی پیرۆزت

ڕۆژ و چەرخ پاتکردنەوەی هاوواتاییە، کە هاوشێوەیی نینە، ئەوەش لەلایێ لەبەر کێشی هۆنراوەکە شاعیر ناچار بووە، وشەی ڕۆژ، کە کورتکراوەی (ڕۆژگار)ە لەم سیاقەی ئێرە، ئەویش هەر هاوواتای (چەرخ)ە، جارێکی دیکە بە وشەی (چەرخ)یش پاتبکاتەوە، ئەوە بۆ ئەوەی کێشی هۆنراوەکە پڕ و تەواو بێ، لەو لاوەش لەو گۆڕینی فۆڕمی وشەیە، کە هەمان واتایان هەیە، جەمالیەتێکی جوانتری داوەتە دەربڕین و بەیتەکەی، مۆسیقاکەشی خۆشتر و دەربڕینەکەشی جوانتر کردووە.

٩- هونەری لێیوەرگرتن

لێیوەرگرتن (أقتباس) ئەوەیە کە بەرهەمی شاعیرێک، یان نووسەرێک شتێکی دیکەی کورت یا درێژ لە بەرهەمێکی دیکە وەربگرێت، وەها تێکەڵی خۆی بکات، کە هی خۆیەتی، چونکە بە هیچ شێوەیێک ئاماژە بۆ ناوی سەرچاوەکەی نەکات و دەری نەخات، کە ئەمەی لەو سەرچاوەیە وەرگرتووە.(اللاذقي، ١٤٢٩هـ ٢٠٠٨م، ص ٢١٥)

دەستم دامێنت لە خۆت نەبی بایی.. قسەیەکی سەرزاریی ئامادەیە، شاعیر لە ئەدەبیاتی سەرزاری وەرگرتووەو خستوویەتییە دەستپێکی شیعرەکەی خۆی، بەبێ ئەوەش ئاماژە بۆ ئەوە بکات، کە ئەم قسە ئامادەیەی وەرگرتووە، ئیدی بۆ پێویستی خۆی بانگکراوی کردۆتە (میللەت) و وشەی (هەرگیز)یشی بۆ جەختکردنەوەی زیاتر لەسەر مەبەستەکەی، هەروەها لەبەر ڕێکخستنی کێشی هۆنراوەکەشی بۆ نێو ئەم قسە ئامادەیە زیادکردووە.

نەهێڵی خوێنی بڕوات بە خۆڕایی.. ئەوەش هەر قسەیەکی سەرزاریی ئامادەیە، شاعیر لە ئەدەبیاتی سەرزاری وەرگرتووەو خستوویەتییە

نیوەدێڕی دووەمی دەستپێکی شیعرەکەی خۆی، بەبێ ئەوەش ئاماژە بۆ ئەوە بکات، کە ئەم قسە ئامادەیەی وەرگرتووە، ئیدی بۆ پێویستی خۆی خوێنەکەی کردۆتە هی (لاوانت) و وشەی (ئەبەد)یشی وەکو جەختکردنەوەی زیاتر و بۆ پڕکردنەوەی کێشی شیعرەکەش بۆ زیادکردووە.

**تەوەرەی دووەم: لە ڕووی هونەرەکانی (ڕوونبیێژی)یەوە**

ڕوونبێژی زانستێکی دیکەی سێ زانستەکانی ڕەوانبێژییە، ((بە هۆیەوەی گەیاندنی تاکە واتا بە ڕێگەی لە یەکدی جیاو لە ڕووی واتاوە ڕوون دەزانرێت))(التفتازاني، ١٤٢٥هـ ٢٠٠٤م، ص ٥٦)، زۆر گرنگ و بەبایەخە، چونکە ((بە دوای واتای شاراوەی ئەو دیوی دەربڕینەکاندا دەگەڕێت))(د. حامد عبدالهادي حسين، ١٤٢٨هـ - ٢٠٠٧م، ص ١١١)، دەربڕین کاریگەر و بەهێز و پوخت و جوانتر دەکات.. هونەرەکانی بریتینە لە لێکچوواندن و خوازەو خواستن و درکە.. لای ئەحمەد هەردی لەم شیعرەدا هەموو ئەو هونەرانەی ڕوونبێژی، شیعرەکەیان کاریگەرتر و ڕوونتر کردووە:

١- هونەرەکانی لێکچوواندن

لێکچوواندن نواندنە.. دەگوترێت: (ئەمە وەکو ئەوەیەو بەوە دەچێ).. لە ڕووی زاراوەییش (گرێبەستی نێوان دوو شت یان زیاترو کۆکردنەوەیانە لە سیفەتێک، یان زیاتر لە سیفەتێکی هاوبەشی نێوانیان، بە یەکێ لە ئامرازەکانی لێکچوواندن، بۆ مەبەستێک کە قسەکەر هەیەتی))(الشيرازي، البلاغە،مادە: التشبيه، ١٤١٧ هـ / ١٩٩٧ م)، واتە: لە لێکچوواندندا دەبێ: (لێچوو - لەوچوو - ئەوزار - ڕووی لێکچوون) هەبێ، بەڵام ئەوەی دەبێ هەر بمێنێ، (لێچوو و لەوچوو)نە، خۆ ئەگەر (ڕووی لێکچوون و ئەوزار) یەکیان، یان هەردووکیشیان نەمان، ئەوا چ کێشەیەک نییەو لێکچوواندنەکە نەک ناشێوێ، بەڵکو بەهێزتریش دەبێ.(بڕوانە:د. علي سلوم، ١٤٢٥هـ ٢٠٠٤م، ص ١٨٣)..

ئەحمەد هەردی نووسیویەتی:

خەریکن ئاگری فیتنە لە ناوا هەڵبگیرسێنن

خەریکن چاوی ئەم خەڵکە بە پیلانێ بترسێنن

لە (ئاگری فیتنە)دا وێنەیەکی لێکچوواندن هەیە، واتە: فیتنە وەکو ئاگرێ داگیرسێنن.. لەمەشدا:

فیتنە: لێچووە

ئاگر: لەوچووە

داگیرسان: ڕووی لێکچوونە
ئەمە لێکچوواندنی جەختاوی درێژە (تەشبیهی موئەککەدی موفەصصەل)ەن ((ئەو لێکچوواندنەیە کە ڕووی لێکچوونی تێدا هاتبێت، بەڵام ئەوزاری تێدا لابراییێت))(الحسيني، ١٤١٣هجري قمري، ص ٢٥٣).. بۆ نمونە:

بەڵێ ئەو خوێنەی تۆ ڕشتت لە جەرگەی کۆڕی مەیدانا
هەزاران مۆری عاری نا بە ڕووی میللەتفرۆشانا

هەر لەم بەیتەدا وێنەیەکی دیکەی لێکچوواندن لە (مۆری عاری)دا هەیە، چونکە (عار) کە شەرمەزارییە، (مۆر) و تەمغە نییە، بەڵام مەبەست ئەوەیە: خوێنە ڕشتووەکەت بە دەست و پیلانی میللەتفرۆشان، عار و شەرمەزاری کردە مۆرێک و بە نێوچەوانی ئەو میللەتفرۆشانەی وەنا.. لەوەشدا:

عار: لێچووە
مۆر: لەوچووە
پێوەنانی ئەم مۆرە بە ڕووی میللەت فرۆشان: ڕووی لێکچوونە

ئەمەش وەکو نمونەکەی سەروو لێکچوواندنی جەختاوی درێژە (تەشبیهی موئەککەدی موفەصصەل)ە، چونکەئەوزاری لابراوەو ڕووی لێکچوونی تێداهاتووە.

بەڵێ ئەو کۆمەڵانەی شیری دەستی میللەتی ڕووتن
لەلای ئەم کاربەدەستانە دەڵێی بەنزین و باروتن

لێرەدا دوو وێنەی لێکچوواندن هەیە، ئەوانیش:
یەکەم لە ڕستەی: (ئەو کۆمەڵانەی شیری دەستی میللەتی ڕووتن) دایە.. تیایدا:

ئەو کۆمەڵانە: لێچووە
شیری دەستی میللەتی ڕووتن: لەوچووە

ئەمەش وێنەیەکی لێکچوواندنی بەلیغە چونکە تەنیا لێچوو و لەوچووی تێدا هاتووە.(علي الجارم و مصطفى أمين، ٢٠٠٦م، ص ٦٧)

دووەمیش لە هەموو بەیتەکە دایە.. وێنەکە بەو شێوەیە:

ئەو کۆمەڵانە: لێچووە
دەڵێی: ئەوزارە
بەنزین و باروت: لەوچووە

لێرەشدا وردییەکی جوان هەیە، کە شاعیر دەڵێ: لە لای ئەم کاربەدەستانە، دەڵێی بەنزین و بارووتن.. واتە: خۆیان لە لای نەتەوە بەنزین و بارووت نین، بەڵام لە لای کاربەدەستە خۆفرۆش و میللەتفرۆشەکان بەنزین و بارووتن.
ئەوەش وێنەیەکی لێکچواندنی رەهای پوختە (تەشبیهی مورسەلی موجمەل)ە، چونکە ئەوزار هەیەو ڕووی لێکچوون نییە.(بڕوانە: السید جعفر الحسیني، ص ٢٥٣)

کەچی ئەو کۆمەڵانەی ڕوو لە پێوەنگکردنی گشتین
قەڵای کۆنەپەرستین و گەرای جێماوی فاشستین
لەم بەیتەشدا وێنەیەکی لێچوواندن هەیە، ئەویش بەو شێوەیە درووست بووە:
ئەو کۆمەڵانە: لێچووە، دوو لەوچووی بەدوادا هاتووە.. ئەوانیش:
قەڵای کۆنەپەرستین: لەوچووی یەکەمە
گەرای جێماوی فاشستین: لەوچووی دووەمە
ئەوەش لێکچوواندنی تاک بە کۆیە (تشبیه المفرد بالمركب)، چونکە ((لێچوو یەکەو لەوچوودووە، واتە: لە یەک زیاترە)).(د. أحمد مطلوب، ١٤٢٧هـ ٢٠٠٦م، ص ٢١١)

٢. هونەرە خوازەییەکان
خوازە ((ئەو وشەیەیە کە بەکارهێنراوە بۆ غەیری ئەو واتایەی لە بنجدا بۆی دانراوە، لەبەر بوونی پەیوەندییەک، لەگەڵ قەرینەیەک کە ڕێگری لەوە دەکات وشەکە بۆ واتای درووست بەکارهێنرابێ))(محمد دیاب وأخرون١٤٢٩هـ ٢٠٠٨م، ص ١٠٣)، جا ئەو پەیوەندییانەی خوازە درووست دەکەن زۆرن، لەوانە ئەوەی لەم شیعرەی ئەحمەد هەردی هاتوونە، ئەمانەی خوارەوەن:

یەک: خوازەی بە پەیوەندی گشتي
دەستم دامێنت ئەی میللەت لە خۆت هەرگیز نەبی بایی
نەهێڵی خوێنی لاوانت ئەبەد بڕوات بە خۆڕایی
ـ لە (ئەی میللەت)دا.. خوازەی بە پەیوەندی گشتی هەیە، چونکە بانگی هەموو میللەت کراوە، کە ئەمە گشتە، بەڵام بێگومان مەبەست ڕۆشنبیران و سیاسەتمەداران و گەورە لێپرسراوە حزبی و حکومییەکانی میللەتن، واتە:

مەبەست هەندێکی میللەتە، بۆیە ئەمە هونەری خوازەیە بە پەیوەندی گشتی، چونکە لەم هونەرەدا: باسی گشت دەکرێت و مەبەست کەرتە(د. عیسی العاکوب، ١٤١٧هـ ص ٥٠٣).. لێرەشدا هەر وا کراوە، باسی میللەت کراوە، کە گشتە، بەڵام قەرینەی عەقڵی دەڵێ: مەبەست سیاسی و بەرپرسەکانی میللەتن، کە ئەوان هەموو میللەت نین، بەڵکو کەرتێکی میللەتن.

- لە (خوێنی لاوانت)دا.. بە هەمان شێوە، خوازەی بە پەیوەندی گشتی هەیە، چونکە باسی گشت کراوە، کە (لاوان)ن، بەڵام قەرینەی عەقڵی دەڵێ: هەموو لاوان خوێنیان نەڕژاوە، بەڵکو ئەوەی خوێنی ڕژاوە هەندێ لە لاوانن، کە ئەوان کەرتێکی نێو لاوانن، نەوەک هەموو لاوان.

دوو: خوازەی بە پەیوەندی هۆیی

لێرەدا باسی هۆ دەکرێ و مەبەست سەرچاوەی هۆیەکەیە (اللاذقي، ص ١٨٥)، بۆ نمونە هەردی چاوی لە جیاتی دڵ بەکارهێناوە، نووسیویەتی:

خەریکن ئاگری فیتنە لە ناوا هەڵبگیرسێنن

خەریکن چاوی ئەم خەڵکە بە پیلانێ بترسێنن

قەرینەی عەقڵی دەڵێ: ترسان بۆ دڵە نەوەک بۆ چاو، لەوەشدا خوازەی بە پەیوەندی هۆیی هەیە، چونکە چاو شتەکان دەبینێ و دەبێتە هۆیەک بۆ ترسانی دڵ، کەوابێ لێرەدا باسی هۆ کراوە، کە (چاو)ەو ئەقڵ دەڵێت: مەبەست (دڵ)ە، چونکە دڵ دەترسێت و چاو نازانێ بترسێ!! بەوەش خوازەی بە پەیوەندی هۆیی درووستبووە.

سێ: خوازەی بە پەیوەندی ئاوەڵناوی

لێرەدا فرمان، یان ئەوەی لە شێوەی فرمان دایە، لە بڕی ئەوەی بدرێتە پاڵ بکەری درووست، دەدرێتە پاڵ ئاوەڵناوێک، کە لە بنجدا ئەو ئاوڵناوە وەصفی بکەری درووست دەکات، نەوەک بکەری درووست بێت.. بۆ نمونە:

بەڵێ ئەو خوێنەی تۆ ڕشتت لە جەرگەی کۆڕی مەیدانا

هەزاران مۆری عاری نا بە ڕووی میللەتفرۆشانا

میللەتفرۆش ئاوەڵناوە، بکەری خوازەییە، پیاوی میللەتفرۆش تەواوکراوی ئاوەڵناوەکەو خاوەنی ئەو سیفەتەیە، کە ئەو ئاوەڵناوە هەیەتی، بکەری درووستەو بەوە خوازەی بە پەیوەندی ئاوەڵناوی درووستبووە.

سبەینێ ئینتیخاباتەو کەچی ئەو خائینانەی تۆ
بە سەربەستی بە ناو تۆدا هەموو کەوتوونە هاتوچۆ
خائین ئاوەڵناوە، بکەری خوازەییە، پیاوی خائین تەواوکراوی ئاوەڵناوەکەو خاوەنی ئەو سیفەتەیە، کە ئەو ئاوەڵناوە هەیەتی، بکەری درووستەو بەوە خوازەی بە پەیوەندی ئاوەڵناوی درووستبووە.

بەڵێ وا ئینتیخاباتەو کەچی هەر قارەمانانە
لە بەندیخانەدا دیلن بە ئەمری پیاوی بێگانە
قارەمان ئاوەڵناوە، بکەری خوازەییە، پیاوی قارەمان تەواوکراوی ئاوەڵناوەکەو خاوەنی ئەو سیفەتەیە، کە ئەو ئاوەڵناوە هەیەتی، بکەری درووستەو بەوە خوازەی بە پەیوەندی ئاوەڵناوی درووستبووە.

بە سەربەستی لە ڕووی میللەت پەرستانا ئەلورێنن
کەمەند و گورزی ئیرهاب و مەترسی هەڵئەسورێنن
میللەت پەرست ئاوەڵناوە، بکەری خوازەییە، پیاوی میللەت پەرست تەواوکراوی ئاوەڵناوەکەو خاوەنی ئەو سیفەتەیە، کە ئەو ئاوەڵناوە هەیەتی، بکەری درووستەو بەوە خوازەی بە پەیوەندی ئاوەڵناوی درووستبووە.

٣. هونەرەکانی خواستن
خواستن لێکچوواندنێکی شکێنراوە، لە دوو بنەڕەتە سەرەکییەکانی لێکچوواندنەکە، یان لێیچوو دەمێنێ و لەوچوو لادەبرێ، یانیش لەوچوو دەمێنێ و لێیچوو لادەبرێ، لەو بارەشدا دوو جۆری خواستن درووست دەبن.. ئەوانیش (خواستنی ئاشکراو خواستنی درکاو)ن. (بۆ ئەم باسە بڕوانە: التفتازاني،دون سنه الگبع ص ١٠٨)، جگە لەمانە چەندین جۆری دیکەی خواستن هەیە، گرنگترینیان لەوانەی لەم هۆنراوەیەی ئەحمەد هەردی هاتوونە، ئەمانەی خوارەوەن:

یەک: خواستنی ئاشکرا
لێرەدا لە دوو بنەڕەتە سەرەکییەکانی لێکچوواندن، تەنیا لەوچوو دەمێنێ، بەلام قەرینەیەک هەیە دەڵێ: ئەم (لەوچوو)ە بۆ واتای درووستی خۆی بەکارنەهێنراوە(التفتازاني،دون سنه الطبع ص ١٠٨).. بۆ نموونە:

بەڵێ ئەو خوێنەی تۆ ڕشتت لە جەرگەی کۆڕی مەیدانا
هەزاران مۆری عاری نا بە ڕووی میللەتفرۆشانا

لە وشەی (جەرگە)دا، خواستنی ئاشکرا هەیە، چونکە وشەی جەرگە لە جیاتی وشەی (ناوەڕاست) هاتووە،
مەبەست ئەوەیە: ناوەڕاستی مەیدان، وەکو جەرگی مرۆڤەکان وایە، کە لە ناوەڕستی سینگیان دایە.

دوو: خواستنی درکاو
لێرەدا لە دوو بنەڕەتە سەرەکییەکانی لێکچوواندن، تەنیا لێیچوو دەمێنێ، پەیوەستی لەوچووش دەدرێتە ئەم لێیچووە، قەرینەیەک هەیە دەڵێ: ئەم سیفەتەی دراوەتە (لێیچوو) هی خۆی نییە(التفتازاني،دون سنه الطبع ص ١٠٨).. بۆ نموونە:

بە سەربەستی لە ڕووی میللەت پەرستانا ئەلورێنن
کەمەند و گورزی ئیرهاب و مەترسی هەلئەسورێنن

واتە: ئیرهاب و مەترسی وەکو دەعبانەو گورز هەلئەسوورێنن، ئیرهاب و مەترسی لێیچوونە ماونەتەوەو هەڵسوڕاندنی گورزەکە پەیوەستی لەوچووە، کە (دەعبا)یەکە، ئەو لابراوە، ئیدی دراونەتە لێیچوو، بەوەش خواستنی درکاو درووستبووە.

بەلام هێشتا گەلێ کۆت و گەلێ پێوەند لە پێتایە
ڕێگا دژوار و ناخۆشە، دز و جەردە لە ڕێتایە

(پێ) هی مرۆڤەو دراوەتە میللەت، واتە: میللەت وەکو مرۆڤێک وێنا کراوە، کە پێی هەبێ و کۆت و زنجیر کرابێ، ئەوەش خواستنی درکاوە.

سەفیرو زابتانی ئیرتیباتی مامە ئیستیعمار
بەسەر سینگی وڵاتا هات و چۆیانە بە لەنجەولار

سینگ هی مرۆڤەو دراوەتە وڵات، ئەوەش خواستنی درکاوە، لەم دێڕەدا وەها وێنە کراوە، کە: وڵات وەکو مرۆڤێکەو سینگی هەیە، کە مەبەست لەم سینگە ڕووی خاکی وڵاتەکەیە.

کەچی ئەو کۆمەڵانەی ڕوو لە پێوەنگکردنی گشتین
قەڵای کۆنەپەرستین و گەرای جێماوی فاشستین
فاشست گەرای نییە.. گەرا هی مێش و مەگەز و هەندێ زیندەوەری ترە، کە بێگومان لێرە مەبەست زیندەوەرە پیسەکانن، نەوەک بەسوودەکان، واتە فاشست وەکو مێش و مەگەز گەرای داناوە.. بەوەش وێنەی خواستنی درکاو درووستبووە.

سێ: خواستنی عینادی
((ئەو خواستنەیە کە ناشێ دوو لایەنەکانی لە سیفەتێکدا کۆببنەوە))(د. انعام فوال عکاوي، ١٤١٧هـ ١٩٩٦م، ص ١٠٧)، بۆ نمونە: وشەی مامە بۆ خەڵکێک بەکاردێت، کە ڕێزی لێگیرابێ، بەڵام کە بدرێتە ئیستیعمار!! ئەوە بۆ گاڵتەجارییەو ئەم دوو چەمکەی (مام) و (ئیستیعمار) بۆ یەکتری ناشێن، بۆیە (خواستنی عینادی)یان بەرهەمهێناوە:
سەفیرو زابتانی ئیرتیباتی مامە ئیستیعمار
بەسەر سینگی وڵاتا هات و چۆیانە بە لەنجەولار

٤. هونەری درکە
درکە گوتەیێکی دەربڕاوە، کە لە سنووری ڕستەی سادە، یان دەستەواژەیێک، یان ناوێکی لێکدراوە، بۆ واتایەکی غەیری واتا وشەییەکەی هاتبێ، هەرچەندە دەشێ بۆ واتا درووستەکەشی هاتبێ، ئەوەتا ڕەوانبێژان گوتوویانە: لەم هونەرەدا ((قسەکەر مەبەستی چەسپاندنی یەک لە ماناکانە، بەڵام بەو وشانە گوزارشتی لێناکات، کە لە زماندا بۆ ئەو مانا مەبەستەی دانراون، بەڵکو بەرەو مانایەکی تر دێت، کە بەدواهاتوو و هاوواتای مانای مەبەستە، لە بری ئەو دەست بەوە دەگرێت و دەیکاتە بەڵگەیەک بۆ گەیاندنی مانای مەبەست))(عبدالقاهر الجرجاني، ١٤٢٢هـ ٢٠٠١م، ص ٦٠)، بۆ نمونە:

ـ دەستم دامێنت ئەی میللەت.. دەربڕینی درکاوە.. گشتییە، لە ئەدەبیاتی سەرزاری وەرگیراوە، بەڵام خراوەتە نێو پێکهاتەیەکی نوێ، کە ئەویش دەستەودامێن بوونی میللەتە!! چونکە لە باری ئاسایی و لە بەکارهێنانی گشتی، دەستەودامێنی هەر بۆ تاکەکەس دەگوترێ.

واتای درکاو: لێتان دەپاڕێمەوە!!

ـ نەهێڵی خوێنی لاوانت ئەبەد بڕوات بە خۆڕایی.. دەربڕینی درکاوە، گشتییە، لە ئەدەبیاتی سەرزاری وەرگیراوە، بەڵام خراوەتە نێو پێکهاتەیەکی نوێ، چونکە بۆ تاکە کەس و ئەو پەڕی تیرەو عەشیرەتێک گوتراوە: نەهێڵن ئەو خوێنەتان بە فیرۆ بڕوا!! بەڵام لێرەدا ئەم درکەیە ئاراستەی میللەت و بەشێکی گرنگی میللەت کراوە، کە ڕۆشنبیران و سیاسەتمەداران و بەرپرسانی حیزبی و حکومەتی وڵاتەکەن.

واتای درکاو: دەرس لە خوێنی ڕژاوتان لە پێناو ئازادی وڵاتەکەتان وەربگرن و تۆڵەی بکەنەوەو لە بیری نەکەن، بچن دەست بخەنە نێو دەستی داگیرکەری لاوکوژی خۆتان!!

جاری واش هەیە درکە لە تاکە وشەدا دروست دەبێت، بۆ نمونە ئەحمەد هەردی لە دێڕێکی ئەم هۆنراوەیدا نووسیویەتی:

سبەینێ ئینتیخاباتەو کەچی ئەو خائینانەی تۆ

بە سەربەستی بە ناو تۆدا هەموو کەوتوونە هاتوچۆ

(سبەینێ) کینایەتی تاکە وشەیە، دکتۆر ئەحمەد هنداوی دەڵێت: ((لە کینایەتی تاکە وشە بۆ وەسفکراو، وشەی (سبەینێ)یە، کە کینایەتە لە کاتی داهاتوو))(د. أحمد هنداوي هلال،١٤٢٤هـ ـ ٢٠٠٣م، ص ٣٥)، کەوابێ: سبەینێ وشەیەکە، دەربڕینی درکاوە، بۆ واتایەکی درکاو هاتووە، کە ئایندەیە.

**تەوەرەی سێیەم: لە ڕووی هونەرەکانی (واتاسازی)یەوە**

واتاسازی ئەو بەشەی ڕەوانبێژییە ((بنەماو یاسایانێکە بە هۆیانەوە بارەکانی تیادەرکەوتنی ئاخاوتن دەزانرێت... کە دەبێ ڕێک بێ لەگەڵ هەل و مەرجەکان، ڕێک بێ لەگەڵ ئەو مەبەستەش، کە دەیەوێ بیگەینێ))(السيد أحمد الهاشمي، ١٤٢٦هـ ٢٠٠٥م، ص ٤٦)، ئەم شیعرە گەلێ هونەری واتاناسی تێدا

بەرجەستەیە، لە خوارەوە تیشک دەخەینە سەر گرنگترین ئەو هونەرانەی لەم شیعرەدا هاتوونە:

١. بانگکردنی خوازەیی

بانگکردن دووانە، یەکەمیان درووست و دووەمیان خوازەیی.. بانگکردنی درووست: ((داوای وەڵامدانەوەو بەرەو تۆ هاتنی بانگکراوە))(د. بسیونی عبدالفتاح، ١٤٢٥هـ ـ ٢٠٠٤م، ص ٣٢٩)، کەوابێ لە باری درووستدا ((دەبێ ئەو کەسەی بانگدەکرێ، نزیک بێ و گوێی لە دەنگت بێ))(د. بسیونی عبدالفتاح، ١٤٢٥هـ ـ ٢٠٠٤م، ص ٣٣٠)، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە: بانگکراو دەبێ ئادەمیزاد بێ و دەنگی بانگکەری پێبگات و ((یەکسەر وەڵام بداتەوە،بەوەی کەوا بەرەو بانگکەر بێ))(د. بسیونی عبدالفتاح، ١٤٢٥هـ ـ ٢٠٠٤م، ص ٣٢٩)، بەڵام ئەگەر ئەو مەرجانە لە بانگکراودا نەما، ئەوا کەوابێ بانگکردنەکە بانگکردنێکی خوازەییە.. بەم پێیەش:

ـ دەستەواژەی (ئەی میللەت).. بانگکردنی خوازەییە، چونکە وەکو لە سەروو تێگەیشتین، بانگی درووست دەبێ سێ مەرجی تیابێ، ئاراستەی تاکە کەس، یان چەند کەسێ کرابێ، ئەوان کە بانگکراوەکانن، بانگەکەیان بە گوێ بگات و وشیاربینەوەو یەکسەر بە دەم بانگەکەوە بێن.. بەڵام ئەگەر بانگی میللەت کرا، ئەوا ئەو مەرجانەی بانگکردنی درووست لەنێو دەچێ، چونکە بانگەکە ئاراستەی هەموو میللەت کراوە، کە دیارە ڕوونیشە: میللەت گشتە، هەر یەکەی لە دەشت و دۆڵێکە، هەر یەکەی لە شار و لادێیێکە، هەر یەکەی خەریکی شتێکە، هەیە خوێندەوارەو هەیە نەخوێندەوار، هەیە گرنگیدەرە بە ئەدەب و شیعر، هەیە ئەوانەی پێ سەرئێشەیەو قەت گوێیان لێ ناگرێ، ئیدی ئەو بانگەی شاعیر ئاراستەی میللەتی دەکات، هەمیشە دەبێتە بانگێکی خوازەیی، چونکە لە لایێ دەنگی بە هەموو میللەت ناگات، لەو لاوەش میللەت ناچار نییە وەڵامی بانگی شاعیر بداتەوەو بەرەو شاعیر بێ، هەر لە بنجدا شاعیریش مەبەستی ئەوە نییە، کەس بەرەو ئەو بێ، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە بیر لە قسەکانی بکەنەوە، هەموو ئەوەش ئەو شێوازەی شاعیر لە بانگکردنی بۆ میللەت دەکەنە شێوازی بانگکردنی خوازەیی.

٢. نەهێشتنی خوازەیی

نەهێشتن هونەرێکی واتاییە، ((ڕێگری کردن و داوای وازهێنانە لە کردەیەک، کە لە لایەن کەسێکی بەرزەوە ئاراستەی بچووکەکەی خۆی دەکرێت))(د. حسین لفتە،

٢٠١٥ـ ٢٠١٦، ص ١٦)، بۆ نموونە: باوک بە منداڵەکەی دەڵێ: پیاڵەکە مەشکێنە.. ئەم نەهێشتنە، نەهێشتنێکی دروستە، چونکە لە لایەن باوکەوە ـ کە بەرزترە ـ ئاراستەی منداڵ کراوە ـ کە نزمترە ـ منداڵیش ناچارە بە قسەی باوکی بکات.

کەواتە: دوو مەرج هەیە بۆ نەهێشتنی درووست، ئەوانیش بەرزتری نەهیکەر و پابەندبوونی نەهیلێکراو.. خۆ ئەگەر نەهێشتنێک وەها نەبوو و بۆ مەبەستێکی وەها درووست ئاراستە نەکرابوو، ئەوا پێی دەگوترێت نەهێشتنی خوازەیی، لە ئەدەبدا بێگومان نەهێشتنەکان هەمووی خوازەیین، بۆ مەبەستانی ترن، چونکە شاعیر دەسەڵاتی بەرزتری بەسەر خوێنەر و بیسەرانی شیعرەکانیەوەی نییە.. ئەحمەد هەردی سوود لەو شێوازەش وەردەگرێ، بۆ نموونە:

ـ ئەی میللەت لە خۆت هەرگیز نەبی بایی.. (نەبی بایی) نەهێشتنی خوازەییییە، چونکە نەهێشتنی درووست وەکو گوتمان: دەبوو دوو مەرجی تیا بێ، لە گەورەوە ئاراستەی بچووک کرابێ، گەورەیەک کە دەسەڵاتی بەسەر بچووکەکەیدا هەیەو پابەندیش لە نەهیلێکراو درووست بکات.. بەڵام ئەو نەهێشتنەی شاعیر بۆ میللەتی دەکات، ئەوا ئەو مەرجانەی تیا نایەتە دی، چونکە بێگومان شاعیر لە سەرووی میللەتەوە نییەو چ دەسەڵاتێکی بەسەریانەوە نییەو میللەتیش کە نەهیلێکراون، بێگومان پابەندی ئەو نەهییەی شاعیر نابن.. بۆیە ئەوەش دیسانەوە نەهێشتنی خوازەییە، بە شێوازی (تکا) هاتووە، بۆ مەبەستی ئەوەی میللەت وشیاربیتەوەو ئاگاداری ئەو هەنگاوەی بێت، کە دەیهاوێت.

ـ نەهێڵی خوێنی لاوانت ئەبەد بڕوات بە خۆڕایی.. لە (نەهێڵی)دا دیسانەوە نەهێشتنی خوازەیی هەیە، چونکە ئەوەش کە نەهێشتنێکە، شاعیر ئاراستەی میللەتی دەکات، ئەو مەرجانەی تیا نایەتە دی، کە نەهێشتنی درووست هەیەتی، وەکو لە برگەی پێشوو خستمانە ڕوو.. بۆیە لێرەدا نەهێشتنەکە خوازەییە، بۆ وشیارکردنەوەو ئاگالەخۆبوونە.

٣ـ هەواڵی خوازەیی

هەواڵ لە بنجدا ڕستەیەکە مەبەست لێی ((ئاگادارکردنەوەی بەرامبەرە بەو پەیامەی ئاخاوتنەکە لە خۆوەی دەگرێت))(عبدالرحمن حسن حبنکە المیداني،١٤٢٨هـ ٢٠٠٧م، ص ١٧٣)، واتە: پەیامی هەواڵ شتێکی نوێیەو نابێ

کۆن بێ و بەرامبەر بیزانێ، خۆ ئەگەر کۆن بوو و بەرامبەر دەیزانی، ئەوە کەواتە هەواڵەکە درووست نییەو خوازەییە، بەو پێیەش ئەدەب بە گشتی و شیعریش بە تایبەت، شتی نوێی زۆر بە دەگمەن تێدەکەوێ، بۆیە: هەواڵی درووست لە نێو ئەدەب و لە شیعریشدا بە تایبەت، بوونێکی ئەوتۆی نابێ و ڕێژەی بوونی هەواڵی درووست لە نێو ئەدەب و بە تایبەت لە نێو شیعردا سفر نییە، بەڵام زۆر نزیکە لە سفر.

لە لایێکی دیکەوە ئەوەی بە لێکۆڵینەوە پێی گەیشتووین، شێوازی هەواڵی هەفتاو هەشتا و نەوەت لە سەدی شێوازەکانی دەربڕینی شیعری کوردییە، کە ئەم ڕێژەیە لە شاعیرێ بۆ شاعیرێکی دیکە دەگۆڕێ، ئەوەتا ئەحمەد هەردی شاعیریش شێوازی زاڵی لەم هۆنراوەیە، هەر شێوازی هەواڵییە، هەواڵەکانیشی هەمووی خوازەیین، چونکە شتی نوێ نینە خەڵک نەیانزانێ، بەڵام ئەو بۆ مەبەستی خوازەیی جۆراوجۆر شیعرەکەی بەو شێوازە خوازەییانەی هەواڵ دەنووسێ.. بۆ نمونە دەڵێ:

- بەڵێ ئەو خوێنەی تۆ ڕشتت لە جەرگەی کۆڕی مەیدانا

هەزاران مۆری عاری نا بە ڕووی میللەتفرۆشانا

شێوازی ئەم بەیتە شێوازی (هەواڵی)یە، بەڵام هەواڵەکە خوازەییە، چونکە بۆ مەبەستی گەیاندنی هەواڵێکی نوێ نەهاتووە، بەڵکو بۆ بەبیرهێنانەوەی ئەوەیە، کە نەتەوە قوربانی داوە.. هەروەها: بۆ شانازیکردن بەو قوربانیدانەی نەتەوەیە.. هەروەها: بۆ ڕیسواکردنی میللەتفرۆشان هاتووە، کە ئەوانەش سێ مەبەستی ئەودیوی هەواڵن و خوازەیین.

لەم دێڕەدا جوانییەکە لەوەدایە، هەواڵی خوازەیی گەلێ جار لای گەلێ لە شاعیران بۆ یەک مەبەست دێت، بەڵام ئەحمەد هەردی ئەم هەواڵەی خۆی لە سیاقێکی وەها هێناوە، بە جارێ سێ مەبەستی خوازەیی بەرهەم هێناوە.

- بەڵام هێشتا گەلێ کۆت و گەلێ پێوەند لە پێتایە..

شێوازەکە شێوازی (هەواڵی)یە، بەڵام هەواڵەکە خوازەییە، مەبەست ئاگادارکردنەوەو هاندانی زیاترە بۆ خەباتکردن.. واتە: ئەی نەتەوە ئاگاداری خۆتبەو لە خەبات نەپسێیەوە.. ئەوەش لەلایێ فرمانە و لەولاشەوە نەهێشتنە، هەردووکیشیان دەبنەوە خوازەیی، چونکە شاعیر لۆی نییە فرمان و نەهێشتن ئاراستەی نەتەوە بکات، بۆیەشە بە بنیاتی ئەو بەیتە دەڵێین: بنیاتی قووڵ.

ـ ڕێگا ناخۆش و دژواره دزو جەردە لە ڕێتایە..
شێوازەکە شێوازی (هەواڵی)یە، بەڵام هەواڵەکە خوازەییە، مەبەست فرمانە، واتە: ئەی نەتەوە پشتت نەکەیتەوەو بە وشیارییەوە خەبات بکە.. ئەوەش دیسانەوە لەلایێ فرمانە و لەولاشەوە نەهێشتنە، هەردووکیشیان دەبنەوە خوازەیی، چونکە شاعیر لۆی نییە فرمان و نەهێشتن ئاراستەی نەتەوە بکات، بۆیەشە بە بنیاتی ئەو بەیتەش دەڵێین: بنیاتی قووڵ.

ـ سەفیرو زابتانی ئیرتیباتی مامە ئیستیعمار
بەسەر سینگی وڵاتا هات و چۆیانە بە لەنجەولار..
شێوازەکە شێوازی (هەواڵی)یە، بۆ ورووژاندن و هاندانی وشیارانی نەتەوەیە لە شوێنەواری داگیرکەران لە وڵاتەکە، لەوەشدا مەبەستی فرمانکردنی هەیە، کە دەیەوێ بڵێ: خەبات بکەن و دەستی داگیرکەران لە وڵاتدا ببڕن، کە ئەوەش هەر دەبێتەوە فرمانی خوازەیی، چونکە شاعیر لۆی نییە فرمان ئاراستەی نەتەوە بکات، بۆیەشە بە بنیاتی ئەو بەیتەش دەڵێین: بنیاتی قووڵ.

ـ خەریکن ئاگری فیتنە لە ناوا هەڵبگیرسێنن
خەریکن چاوی ئەم خەڵکە بە پیلانێ بترسێنن
ـ شێوازی ئەم بەیتە هەمان شێوازی بەیتەکەی پێشووە، هەواڵی خوازەییە بۆ مەبەستی: وشیاربوونەوەو ڕێگریکردنە لە داگیرکەران، واتە: خەبات بکەن و نەهێڵن داگیرکەران ئاگری فیتنە لە نێو میللەت هەڵبگیرسێنن.. خەبات بکەن و نەهێڵن داگیرکەران پیلان لەو نەتەوەیە بگرن و بیانترسێنن..ئەوانەش لەلایێ فرمان و لەولاشەوە نەهێشتنن، هەردووکیشیان دەبنەوە خوازەیی، چونکە وەکو گوترا: شاعیر نزمترە لە نەتەوەو بۆی نییە فرمان و نەهێشتن ئاراستەی نەتەوە بکات، بۆیەشە بە بنیاتی ئەو بەیتەش دەڵێین: بنیاتی قووڵ.

ـ سبەینێ ئینتیخاباتەو کەچی ئەو خائینانەی تۆ
بە سەربەستی بە ناو تۆدا هەموو کەوتوونە هاتوچۆ
شێوازی ئەم بەیتە لە هەردوو نیوە دێڕی، شێوازی هەواڵی خوازەییە، مەبەست ئەوەیە بڵێ: وشیاربن، میللەتفرۆشان بە پاڵپشتی داگیرکەران

كەوتوونەتە خۆ، بۆ ڕێگرتن لەوەی میللەت بە مافی خۆیان بگەن.. ئەوەش لەلایێ فرمانە بەوەی كەوا ئەی نەتەوە وشیاربینەوەو بە ڕووی جاش و خائینە نەتەوەفرۆشەكان ڕاپەڕن.. لەولاشەوە نەهێشتنە، واتە: ئەی نەتەوە ڕێگە مەدەن ئەو جاش و خائینانە نەخشە گڵاوەكانیان بۆ لەباربردنی خەونی نەتەوە بە ئەنجام بگەینن.
چ فرمان و چ نەهێشتنەكەش دیسانەوە هەردووكیشیان دەبنەوە خوازەیی، چونكە وەكو دەزانرێ: شاعیر لۆی نییە فرمان و نەهێشتن ئاراستەی نەتەوە بكات، بۆیەشە بە بنیاتی ئەو بەیتەش دەڵێین: بنیاتی قووڵ.

- بەڵێ وا ئینتیخاباتەو كەچی هەر قارەمانانە
لە بەندیخانەدا دیلن بە ئەمری پیاوی بێگانە
ـ شێوازی ئەم بەیتە شێوازی هەواڵیی خوازەییە، بۆ مەبەستی خوازەیی هاتووە، شاعیر مەبەستی ئەوەیە ناخی جەماوەر بووروژێنێ و ئەوەیان بەبیربێنێتەوە، كە قارەمان و دڵسۆزەكانی نەتەوە دیلن و داگیركەران دەیانەوێ خائین و خۆفرۆش لە جیاتی دڵسۆزان وەكو نوێنەرانی نەتەوە دەستنیشان بكەن و بە فڕوفێل و درۆ و هەرەشەكانیشیان دەنگیان بۆ كۆبكەنەوە، شەرعیەتێكی وەحشیانەیان بۆ درووست بكەن، بەڵام ئەی نەتەوە وشیاربن و شتی وەها قەبوڵ مەكەن، مەهێڵن ئەو مەبەستانەی داگیركەران بە ئەنجام بگات، پیلانەكەیان پووچەڵكەنەوە.
ئەوەش لەلایێ مەبەستی هەواڵە خوازەییەكە فرمان و لەولاشەوە مەبەست نەهێشتنە، بەڵام چ فرمان و چ نەهێشتنەكەش دیسانەوە هەردووكیشیان دەبنەوە خوازەیی، چونكە وەكو دەزانرێ: شاعیر لۆی نییە فرمان و نەهێشتن ئاراستەی نەتەوە بكات، بۆیەشە بە بنیاتی ئەو بەیتەش دەڵێین: بنیاتی قووڵ.

- بەڵێ ئەو كۆمەڵانەی شیری دەستی میللەتی ڕووتن
لەلای ئەم كاربەدەستانە دەڵێی بەنزین و بارووتن
- شێوازی ئەم بەیتە شێوازی هەواڵیی خوازەییە، مەبەست لێی ورووژاندنی نەتەوەو ڕاچڵەكاندنیەتی، بۆ ئەوەیە نەتەوە وشیاربێت، بە پلان و نەخشەی ورد كار بكات، نەوەك بكەوێتە بەر زەبری جاش و خائینانی سەر بە داگیركەران.

ـ بە سەربەستی لە ڕووی میللەت پەرستانا ئەلورێنن
کەمەند و گورزی ئیرهاب و مەترسی هەڵئەسورێنن
شێوازی ئەم بەیتە شێوازی هەواڵی خوازەییە، بۆ مەبەستی وشیارکردنەوەی نەتەوەو ورووژاندنیەتی، تا لە دژی ئەو دوژمن و بەکرێگیراوانە ڕاپەڕێ، کە پیلان لە دژی نەتەوە دەگێڕن و هەرەشەیان لێدەکەن.

٤ـ کورتبڕی
کورتبڕی وەکو پێناسەکراوە: ((دانانی مانای زۆرترە لە وشەی کەمتر، بە شێوەیەک کە مەبەست بە باشی بگەینێ و ڕوون و پەتیش بێ))(محمد بن المهدي الحسيني الشيرازي، ١٤١٧ هـ / ١٩٩٧ م، مادە: الأيجاز والأگناب)، ئەمەش ((یەکێ لە گرنگترین مەبەستەکانی ڕەوانبێژییە، کە لە بارەیەوەی گوتراوە ـ ڕۆشناییەکی گوزارشتکەرە ـ))(ابن عبدالله أحمد شعيب، ١٤٢٩هـ ـ ٢٠٠٨م، ص ١٣٨).. بۆ نمونە:
ـ کەچی ئەو کۆمەڵانەی ڕوو لە پێوەنگکردنی گشتین
قەڵای کۆنەپەرستین و گەرای جێماوی فاشستین
واتە: ئەو کۆمەڵانەی ڕوو لە پێوەنگکردنی گشتین، ئەو کۆمەڵانە لە سیفەتیاندا وەکو قەڵای کۆنەپەرستین و ئەو کۆمەڵانە وەکو گەرای جێماوی فاشستین.
دەبینین وشەی شیعرەکە کەمترە، لە وشەی پێویست، کە وەکو واتا شیعرەکە دەیگەیاند.

٥ـ درێژبڕی
لێرەدا دەربڕین بە پێچەوانەی کورتبڕی، وشەی زیاتر دەخاتە نێو خۆی، بەڵام واتا هەر وەکو خۆیەتی و چ واتایەک زیادی نەکردووە(السيد أحمد الهاشمي، ١٤٢٦هـ ٢٠٠٥م، ص ٢٠٧)، بۆ نمونە:
بەڵێ وا ئینتیخاباتەو کەچی هەر قارەمانانە
لە بەندیخانەدا دیلن بە ئەمری پیاوی بێگانە
بەڵێ.. وشەیەکە بۆ ڕێکخستنی کێشی هۆنراوەکە زیادکراوە، دەنا مانای بەیتەکەی زیادنەکردووە، بەوەش دەگوترێ درێژبڕی.

ـ لە ڕۆژ و چەرخی ئاوادا کە هیچ حیزبێکی دڵسۆزت

به سەربەستی نەهێڵن دەربخا ئاواتی پیرۆزت
ڕۆژ و چەرخ لەم بەیتەدا، یەکیان پێویستەو ئەوی تر زیادەیە، ئەو زیادەیە یان (ڕۆژ)ەکەیەو یان (چەرخ)ەکەیە، چونکە هەردووکیان بە یەک واتا هاتوون، دەنا چ واتایەکییان زیادنەکردووە.

ـ بە سەربەستی لە ڕووی میللەت پەرستانا ئەلورێنن
کەمەند و گورزی ئیرهاب و مەترسی هەڵئەسورێنن
ئیرهاب و مەترسی لەم بەیتەدا، یەکیان پێویستەو ئەوی تر زیادەیە، ئەو زیادەیە یان (ئیرهاب)ەکەیەو یان (مەترسی)یەکەیە، چونکە هەردووکیان بە یەک واتا هاتوون، دەنا چ واتایەکییان زیادنەکردووە.

٦ـ پرسیاری خوازەیی
پرسیار لە بنجدا دەبێ درووست بێ، ئەویش ((داوای تێگەیشتنی شتێکە، پێشتر زانیاریت لە بارەیەوەی نەبووە))(أحمد مصطفى المراغي، دون سنه الطبع، ص ٦٣.)، بە واتە: مەبەستەکانی پرسیاری درووست ئەوەیە: پرسیارەکە بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامێک بێت، ئەگەریش وەها نەبوو، ئەوا پرسیارەکە پرسیارێکی خوازەییەو دەشێ بۆ هەر مەبەستێک هاتبێ، کە زانایان زیاتر لە سێنزە مەبەست و هەشیانە زۆرتر و تا بیست مەبەستیشیان بۆ پرسیاری خوازەیی نووسیوە(بڕوانە: ابن عبدالله أحمد شعيب، ١٤٢٩هـ ٢٠٠٨م، ٢٤٩).. ئەحمەد هەردی لەم شیعرەیدا زیاتر لە جارێک سوودی لە پرسیاری خوازەیی وەرگرتووە، ئەوەتا دەپرسێ:
ـ لە ڕۆژ و چەرخی ئاوادا کە هیچ حیزبێکی دڵسۆزت
بە سەربەستی نەهێڵن دەربخا ئاواتی پیرۆزت
ئیتر ئەی کێ هەیە ئەمڕۆ کە دەربەستی ژیانت بێ؟!
لە گەرمەی ئینتیخاباتا سبەینێ پشتیوانت بێ؟!
لەم دوو بەیتەدا، لە بەیتی دووەمدا ـ کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بەیتی یەکەمدا هەیە، بۆیەشە بەیتی یەکەممان هێشتۆتەوە ـ دوو جار شێوازی پرسیاری خوازەیی هەیە، چونکە پرسیارەکان وەڵامیان ناوێ، بەڵکو لە ناوەوەی خۆیاندا ئەم هەواڵانەیان هەڵگرتووە:
ـ ئەمڕۆ کەس نییە کە دەربەستی ژیانت بێ!!

ـ سبەینێ لە گەرمەی ئینتیخاباتدا چ کەس نییە ببتە پشتیوانت!!

٧ـ پێشخستن و دواخستن

هونەرێکی دیکەی باوە لەنێو شیعردا، لە بوواری دارشتندا شێوازی ئەدەبی درووستدەکات و قسەی ئاسایی لە ئاسایی بوون ڕزگار دەکات و بە هۆی ئەو مۆسیقایەی بۆی درووست دەکات، شیعرییەتێکی بەرز بەرهەمدێنێ.

ئەم هونەرە ((وشە دەخاتە پایەیەکی پێش پایەی بنجی و درووستی خۆی، لەبەر تایبەتمەندییەک، یان گرنگی، یان پێویستییەک))(د. مختار عطیە، ٢٠٠٥م، ص ١٥)، دیارە ((پێشخستن و دواخستن لە زماندا دژیەکن، چونکە یەکەم واتا شتێک لە پێش شتێکی تر بێ، کە دەبوو لە دواوەی بێ، دووەمیش واتا: شتێک لە پاش شتێکی ترەوە بێ، کە دەبوو لە پێشەوەی بێ))(د. مختار عطیە، ٢٠٠٥م، ص ١٥)، بەڵام کە پێکەوە دێن، واتا: پێشخستنی بەشێکی ئاخاوتن لە نێو ڕستە، کە دەبوو لە پاشتر بێ و پاشخستنی بەشێکی ڕستە، کە دەبوو لە پێشتر بێ.. ئەوەشە بەرهەمهێنەری شیعرییەت و جوانی دەربڕین:

لە ڕۆژ و چەرخی ئاوادا کە هیچ حیزبێکی دڵسۆزت
بە سەربەستی نەهێڵن دەربخا ئاواتی پیرۆزت

لەم بەیتەدا پێشخستن و دواخستن هەیە، دەبوو ڕستەکان بەمشێوەیە بێ: لە ڕۆژ و چەرخی ئاوادا، کە نەهێڵن هیچ حیزبێکی دڵسۆزت، ئاواتی پیرۆزت، بە سەربەستی دەربخا.

واتە: لەم بەیتەدا کە ڕستەیەکی درێژی لێکدراوە، (نەهێڵن)ی پاڕستە، کە دەبوو لە پێش (هیچ حیزبێکی دڵسۆزت) بێ، خراوەتە نیوە دێڕی دووەم، لە کاتێکدا ئەم (نەهێڵن) فرمانی پاڕستەیەو دەبوو لەو شوێنەبێ، کە گوتمان، نەوەک بهێنرێتە خوارێ بۆ نێو پێکهاتەی شاڕستە.. لە شاڕستەشدا، فرمانی (دەربخا) دەبوو لە دوابەشی ڕستە بێ، چونکە فرمان دەبێ بکەوێتە کۆتایی ڕستە، هێنراوەتە پێش تەواوکەری ڕاستەوخۆ، کە (ئاواتی پیرۆز)تە، (بە سەربەستی)ش کە گرێی ئاوەڵفرمانی چۆنیەتییە، دەبوو بکەوێتە بەشی دووەمی ڕستەکەو لە پێش فرمان بێ، بەڵام خراوەتە سەرەتای ڕستەکە و پێشخراوە، کەواتە هەموو ئەو پێشخستن و دواخستنەی شاعیر کردوویەتی، لەبەر پێویستی شیعری بووە، چونکە وەها نەبووایە، بەیتەکە جوان نەدەبوو و کێش و سەروایەکە پەسند نەدەبوو.

## ئەنجام

١ـ ئـەم قەسـیدەیە لـە ڕووی هونـەرەکانی (جوانکاری)یـەوە، قەسـیدەیەکی جوانـە، چونکـە لـە دوازدە بـەیتی قەسـیدەکە، دوانـزە هونـەری جوانکـاری لـەخۆگرتووە، کـە ئەمـەش ژمارەیـەکی زۆرە لـە دەقێکی شـیعری وا بچووکدا هـەبێت.. ئـەو هونەرانـەی جوانکاری کـە لـەم تێکسـتەدا هاتوونـە، بریتینـە لـە هونـەرەکانی: (دەسـتپێکی دڵگیـر.. بـوونی پێویسـتە.. گێڕانـەوە .. دژیـەکی ئاسـایی.. دژیـەکی دوور..دژیـەکی خـوازەیی.. ڕەگـەزدۆزی ناتـەواوی هاوکێشـی.. ڕەگـەزدۆزی ناتـەواوی زیـاد.. کۆکردنـەوە.. فراوانکـردن.. پاتکردنەوە.. لێیوەرگرتن).

٢. سەبارەت بە هونەرەکانی (ڕوونبێژی)، ئەم شیعرە بچووکە وێنەی بۆ هـەر چوار هونـەرە سـەرەکییەکانی ڕوونبێژی وەکو (درکـە.. خـوازە.. خواسـتن.. لێکچوواندن)ی بە شێوەی جیا درووستکردووە.

٣. هونەرەکانی ڕوونبێژی هۆی درووستبوونی وێنەی شیعرینە، وێنەکانی ئـەم شـیعرە بـەم شـێوەیە بەسـەر چـوار هونـەرەکانی ڕوونبێـژی درووسـتبوونە: وێنـەکانی لێکچوواندن (٥ وێنـە).. وێنـە خوازەییـەکان سێ جۆرن، ئـەوانیش: خـوازەی بـە پەیوەنـدی گشـتی (٢ وێنـە).. خـوازەی بـە پەیوەنـدی هـۆیی (١ وێنە).. خوازەی بە پەیوەندی ئاوەڵناوی (٤ وێنە).. وێنەکانی خواستن لە سێ جۆر پێکهاتوون، ئەوانیش: خواستنی ئاشکرا (١ وێنـە).. خواسـتنی درکـاو (٤ وێنـە).. خواسـتنی عینـادی ( ١ وێنـە).. هونـەری درکـە (٤ وێنـە).. کـە هـەر هـەموویان دەکەنـە ٢٣ وێنـەی هونـەری، ئـەوەش هۆنراوەکـە پڕاوپـڕی وێنـە دەکات.

٤ـ هــەرچی هونــەرەکانی (واتاســازی)نە، شــاعیر بــۆ پــوختکردن و پــڕ کاریگــەرکردنی ئــەم شــیعرەی ســوودی لــە حــەوت هونــەری واتاناســی وەرگرتــووە، ئــەوانیش بریتینــە لــە: (بــانگکردنی خــوازەیی.. نەهێشــتنی خـوازەیی.. هـەواڵی خـوازەیی.. کورتبڕی.. درێژبـڕی.. پرسـیاری خـوازەیی.. پێشخستن و دواخستن).

٥. شێوازی شیعرەکە بە شێوەیەکی گشتی شێوازی هەواڵییە، چونکـە لـە کۆی هەڤدە شـێواز، شەشـی پرسـیار و نەهێشـتن و بـانگکردنن، ئـەوەی تـر یـانزە شـێوازی هەواڵییـە، هەواڵـەکانیش هـەموویان هـەواڵی خوازەییـنـە، ئـەوەش کـەوابێ هـەرچی هونـەرەکانی جوانکـاری و ڕوونبێژینـە، هـەمووی بـۆ خسـتنە

ڕووی مەبەست و جوانکردنی بیرۆکەی سەرەکی شیعرەکەیە، کە بە شێوازی هەواڵی خوازەیی پێشکەشی دەکات.

٦ـ لە بنیاتی ڕەوانبێژی ئەو شیعرەوە، ئەحمەد هەردی وەکو شاعیرێکی بەتوانای زمانزان و شارەزا، وەکو ڕەوانبێژێکی سەرکەوتوو و وشیار دەردەکەوێ، ئەوەشە هۆی سەرکەوتنی ئەم شیعرەی و گەیشتنی پەیامەکەی، وەکو خۆی مەبەستی بووە.

## سەرچاوەکان


### کتێبە کوردییەکان

١ـ ناوخۆش، سەلام ناوخۆش و نووسەرانی تر، ٢٠٠٩ز، کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

٢ ـ کاکەی فەلاح، ١٩٨٠، کاروانی شیعری نوێی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی حوسام، بەغدا.

٣ـ گەردی، عەزیز، ١٩٧٢، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی یەکەم ڕوونبێژی، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغدا.

٤ـ گەردی، عەزیز، ١٩٧٥، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم: جوانکاری، چاپی یەکەم، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر.

### کتێبە عەرەبییەکان

٥ـ ابن عبدالله، أحمد شعيب، ١٤٢٩هـ ـ ٢٠٠٨م، بحوث منهجية في علوم البلاغة العربية، دار أبن حزم، بيروت ـ لبنان.

٦ـ د. أحمد مطلوب، ١٤٢٧هـ، ٢٠٠٦م،معجم المصطلحات البلاغية وتطورها، الدار العربية للموسوعات، الجزء الثاني، الطبعة الأولى، بيروت ـ لبنان.

٧ـالمراغي،د. أحمد مصطفى، دون سنة الطبع، علوم البلاغة، دار القلم، بيروت ـ لبنان.

٨ـ السيد أحمد الهاشمي، ١٤٢٦هـ ٢٠٠٥م، جواهر البلاغة، تعليق سليمان الصالح، دار المعرفة، بيروت ـ لبنان.

٩ـ هلال، د. أحمد هنداوي، الجناس في أساس البلاغة للزمخشري ـ دراسة بلاغية تحليلية ـ مكتبة وهبة، القاهرة.

١٠ـ د. أحمد هنداوي هلال، ١٤٢٣هـ ـ ٢٠٠٢م، الكناية في لسان العرب لأبن منظور ـ دراسة بلاغية تحليلية ـ مكتبة وهبة، القاهرة، ١٤٢٤هـ ـ ٢٠٠٣م.

١١ـ د. أمين ابو ليل، ٢٠٠٦م، علوم البلاغة (المعاني والبيان والبديع)، الطبعة الأولى، دار البركة للنشر والتوزيع، عمان – أردن.

١٢ـعكاوي، د. انعام فوال عكاوي، ١٤١٧هـ، ١٩٩٦م، المعجم المفصل لعلوم البلاغة العربية، مراجعة: أحمد شمس الدين، الطبعة الثانية (طبعة جديدة منقحة)، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان.

١٣. أبن رشيق القيرواني، ٢٠٠٦م، العمدة في محاسن الشعر وآدابه ونقده، تحقيق: محمد محي الدين عبدالحميد، الجزء الأول، دار الطلائع، القاهرة.

١٤. ابي عبدالله الحاشري، ٢٠٠٦، فيصل بن عبده قائد، تسهيل البلاغة، دار الأيمان للطبع والنشر والتوزيع، أسكندرية ـ مصر.

١٥. أبي هلال العسكري، ١٤٢٧هـ ـ ٢٠٠٦م، كتاب الصناعتين، تحقيق: علي محمد البجاوي و محمد أبوالفضل أبراهيم، المكتبة العصرية. بيروت ـ صيدا.

١٦. د. بسيونى عبدالفتاح، ١٤٢٥هـ ـ ٢٠٠٤م، علم المعاني، الطبعة الثانية، مؤسسة المختار للنشر والتوزيع، القاهرة.

١٧ـ جورج مونان، ١٤٣٣هـ ـ ٢٠١٢م، معجم اللسانيات، ترجمة. د. جمال الحضري، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت.

١٨ـ الحسيني، السيد جعفر الحسيني، ١٤١٣هجري قمري، اساليب البيان في القران، الطبعة الأولى، مطبعة مؤسسة الطباعة والنشر لوزارة الثقافة والارشاد الأسلامي، طهران.

١٩ـ حسين، د. حامد عبدالهادي حسين، ١٤٢٨هـ ـ ٢٠٠٧م، البلاغة والمعنى في النص القرآني، مطبعة هيئة أدارة وأستثمار الوقف السني،عراق، بغداد.

٢٠. يوسف، د. حسني عبدالجليل يوسف، ٢٠٠٧م، علم البديع بين الأتباع والأبتداع، دار وفاء لدنيا الطباعة والنشر، مصر ـ أسكندرية.

٢١. د. حسين لفتة، السنة الدراسية ٢٠١٥ـ ٢٠١٦، محاضرات البلاغة، المرحلة الثانية، علم المعاني، جامعة الكوفة، كلية التربية.

٢٢ـعواد، الخوري بولس عواد، ٢٠٠٠م، العقد البديع في فن البديع، تحقيق وتقديم: د. حسن محمد نورالدين، الطبعة الأولى، دار المواسم للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت ـ لبنان.

٢٣. الأسمر، راجي الأسمر، ١٤٢٦هـ، ٢٠٠٥م، علوم البلاغة (الموسوعة الثقافية الشاملة)، دار الجيل، بيروت ـ لبنان.

٢٤ـ التفتازاني، سعدالدين التفتازاني، دون سنة الطبع، شرح المختصر، الجزء الثاني، منشورات الحكمة، قم ـ ايران.

٢٥ـ التفتازاني، سعدالدين التفتازاني، ١٤٢٥هـ، ٢٠٠٤م، المطول شرح تلخيص المفتاح، الطبعة ألأولى، دار أحياء التراث العربي، بيروت ـ لبنان.

٢٦الميداني، عبدالرحمن حسن حبنكة الميداني، ١٤٢٨هـ، ٢٠٠٧م، البلاغة العربية (أسسها وعلومها وفنونها)، الجزء الأول، الطبعة الثانية، دار القلم، دمشق.

٢٧. عتيق، د. عبدالعزيز عتيق، ١٤٢٧هـ ـ ٢٠٠٣م، علم البديع، دار الآفاق العربية، القاهرة.

٢٨ـ الجرجاني، الامام عبدالقاهر الجرجاني، ١٤٢٢هـ ٢٠٠١م، دلائل الاعجاز في علم المعاني، تصحيح: الشيخ محمد عبده، علق عليه: السيد محمد رشيد رضا، الطبعة الثالثة، دار المعرفة، بيروت ـ لبنان.
٢٩ـ الجارم وأمين، علي الجارم و مصطفى أمين، ٢٠٠٦م، البلاغة الواضحة، للمدارس الثانوية، دار المعارف، قاهرة.
٣٠ـسلوم، د. علي سلوم، ١٤٢٥هـ ٢٠٠٤م،، الطبعة الثانية،بلاغة العرب، دار المواسم للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت ـ لبنان.
٣١. د. عيسى علي العاكوب، المفصل في علوم البلاغة العربية، الطبعة الأولى، دار القلم للنشر والتوزيع والأعلان، الأمارات العربية المتحدة، ١٤١٧هـ ١٩٩٩م.
٣٢ـ د. مازن المبارك، الموجز في تأريخ البلاغة، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، سوريا ـ دمشق، دون سنة الطبع.
٣٣ـعطية، د. مختار عطية، ٢٠٠٥م، التقديم والتأخير ومباحث التراكيب بين البلاغة والأسلوبية، دار وفاء لدنيا الطباعة والنشر، مصر ـ أسكندرية.
٣٤. دياب و طموم و أخرون، محمد دياب، مصطفى طموم، حفني ناصف، سلطان محمد،، ١٤٢٩هـ ٢٠٠٨م، شرح دروس البلاغة، شرح: محمد بن صالح العثيمين، الطبعة الأولى، دار ابن الجوزي، مصر.
٣٥. عبيد، محمد صابر عبيد، ١٤٣٢هـ ـ ٢٠١١م، التشكيل الشعري ـ الصنعة والرؤيا ـ ٢، سورية ـ دمشق، دار نينوى للدراسات والنشر والتوزيع.
٣٦. اللاذقي، محمد طاهر اللاذقي، ١٤٢٩هـ ٢٠٠٨م، المبسط في علوم البلاغة، المكتبة العصرية، صيدا ـ بيروت.
٣٧ـ الشيرازي، محمد بن المهدي الحسيني الشيرازي ١٤١٧ هـ / ١٩٩٧ م، البلاغة: المعاني ـ البيان ـ البديع، مادة: الجمع.
٣٨ـ محمود الأصيل، الأربعاء ٢٠١٥/١٢/٢٣، علم البديع، مادة: لزوم ما يلزم، جامعة الأقصى، كلية التربية، قسم اللغة العربية وأدابها، ملتقى جامعة الأقصى.

## قصيده (دەستم دامێنت ئەی میللەت) لـ(أحمد هردي)

## من الناحية البلاغية

البلاغة تعني فنون بناء النص الأدبي، كلما أثرى الشاعر لغته بهذه الفنون البلاغية صارت نصوصه أجمل وأكثر تأثيرا، ودرجة التأثير تعتمد كثيرا على كمية وجود هذه الفنون البلاغية في النص، فمن هنا تأتي أهمية هذه الدراسة، لكي نفهم بصورة علمية وعن طريق التحليل أهمية لغة هذا النص وقيمته.

١- هذه الدراسة مخصصة لقصيدة ((دەستم دامێنت ئەي میللەت) للشاعر (أحمد هردي)، وتبحث في بلاغتها بالأساليب التي تقتضيها أسس الدراسة العلمية، وقد قسمنا هذا البحث على فصلين، وقسمنا كل فصل على ثلاثة محاور، وقد توصلنا في النهاية إلى هذه الاستنتاجات:

٢- هذه القصيدة من ناحية الفنون البلاغية ـ البديعية قصيدة جميلة، فهي تتألف من ١٢ بيتا، وتوجد فيها ١٢ ظاهرة بلاغية فنية، وهذه نسبة كبيرة مقارنة بعدد أبيات القصيدة، وأهم الفنون البديعية التي جاءت في هذا النص الشعري هي: (براعة الأستهلال، لزوم ما يلزم، الترديد، التضاد (٣) صور مختلفة، الجناس الناقص (٢) صورة مختلفة، الجناس التام، الجمع، التكرار، الاقتباس).

٣- وفيما يخص الفنون البيانية!، هذه القصيدة القصيرة تضمن الفنون البلاغية الرئيسية الأربعة، وهذا يزداد النص قيمة أضافية، لأن الفنون البيانية وسيلة فعالة لتكوين الصور الشعرية، وتوزعت الصور الشعرية على أنواع الفنون البيانية كالآتي: (صور التشبيه: ٥ صور)، الصور المجازية: ٧ صورة.. وهي موزعة على ثلاثة أنواع هي: (صور المجاز بالعلاقة الكلية ٢ صورة).. (صور المجاز بالعلاقة السببية ١ صورة).. (صور المجاز بالعلاقة الوصفية ٤ صورة).. وتتكون صور الأستعارة من ثلاثة أنواع: (صور الأستعارة التصريحية: ١ صورة).. (صور الأستعارة المكنية: ٤ صورة).. (صور الأستعارة العنادية: ١ صورة).. (صور الكناية: ٤ صورة).. ليصل مجموع هذه الصور الفنية إلى ٢٣ صورة، وبهذا تكون القصيدة مملوءة بالصور البيانية.

٤- وفيما يتعلق بالفنون البلاغية من علم المعاني.. استفاد الشاعر من ٧ من فنونها، وهي: (النداء المجازي، النهي المجازي، الخبر المجازي، الإيجاز، الإطناب، الاستفهام االمجازي، التقديم والتأخير).

٥- أسلوب الشعر بصورة عامة أسلوب خبري، فمن مجموع ١٧ أسلوب، ١١ منه أسلوب خبري، وكلها أخبار مجازية.

٦- في البناء البلاغي لهذا الشعر، يظهر أحمد هردي كشاعر متمكن و لغوي خبير، وبلاغي ماهر وواع، وهذا هو سبب نجاح هذا الشعر في إيصال رسالته، كما أراده الشاعر.

# Ahmed Hardyee's (Oh، People I Beseech You) Poem from Rhetorical Side


## Abstract

Rhetoric means the arts of literary text construction، as much as the poet makes the language fluent through the rhetoric devices، the text becomes more beautiful and effective. The effect degree lies on the quantity of having the rhetoric devices in the text. The significance of this study is to understand the importance and value of the text language via scientific analysis of the text.

This study is devoted to (Ahmed Hardyee's) (Oh، people I beseech you) Poem، in which the poem is dealt with from a rhetoric perspective according to the principles required by scientific research. The present study is divided into two parts and each part includes three sections. Consequently، the research، conducted on this poem by (Ahmed Hardyee)، has come to the following conclusions:

1. From the aesthetics devices perspective، this poem is elegant، because form the twelve verses of the poem، it has twelve aesthetics devices. This is a high number in such a brief text of poem. The aesthetics devices used in the text are: (attractive commencement،necessaries، narration، oxymoron، denotation، allegoric oxymoron، homonymic pun، compound pun، expansion and compression، authentication/litotes، derivation).

2. Concerning the (clarity) devices، this brief poem made separate images for each of the four primary devices of clarity (metonymy، allegory، metaphor and simile).

3. The clarity devices caused the poem images، the images of this poem are divided into devices of clarity in this way: analogous images (5 images)، causative relation allegory (1 image)، adjectival relation allegory (4 images)، the metaphor images consist of three types، namely: visual metaphor (1 image)، complex metaphor/metonymic metaphor (4 images)، conventional metaphor (1 image) and metonymy device (4 images). All in total makes (23 images) and that has made the poem be completely full of images.

4. As much as the semantics techniques are concerned، to make it concise and precise and entirely effective، the poet benefited from seven techniques of semantics، namely: (allegoric performative، allegoric informative، allegoric declarative، conciseness، wordiness، allegoric interrogative، foregrounding and backgrounding).

5. Generally، the poem style is allegoric declarative، because out of seventeen styles، eleven of them are declarative style، and all the declarations are allegoric declaratives. Hence، all the aesthetics and clarity devices are to expose the purpose and beautify the main concept of the poem، which are presented through allegoric declarative style.

6. From the rhetoric construction of this poem، Ahmed Hardyee occurs as a capable poet and language expert as well as a wise، successful and eloquent poet. That is the reason for the success of the poem and the message deliverance as the poet intended to be.